کاریگەریەکانی پشتبەستنی تەلەفزیۆن بە ناوەڕۆکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی پسپۆڕانی ئەکادیمیی میدیاوە لە هەرێمی کوردستاندا

شەیما وەسیم صادق، کاروان محمد حسن

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە- لەسەردەمی گۆڕانی خێرای ئیکۆلۆژیای میدیاییدا، ئەم توێژینەوەیە شیکارییەکە بۆ تێگەیشتن لە ئاست وسروشتی پشتبەستنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی هەرێمی کوردستان بە ناوەڕۆکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها تیشک دەخاتە سەر کاریگەرییەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر فۆرم، ڕۆڵ وناسنامەی میدیای کۆنباو. بایەخی توێژینەوەکە لەوەدایە کە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییە بداتەوە، پشتبەستنی تەلەفزیۆن بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان چ گۆڕانکارییەکی لە فۆرم وستانداردە پیشەییەکانی ئەم ئامڕازە دروست کردووە؟ بۆ گەیشتن بە وەڵام، ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی شیکاریی چۆنایەتیی ئیندێکتیف (Inductive Qualitative Analysis) وشیکاریی مژاری (Thematic Analysis) پەیڕەو کردووە، لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتای کۆکراوە لە (١١) چاوپێکەوتنی قوواڵ لەگەڵ پسپۆڕانی ئەکادیمی بواری میدیا. گرنگترین ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم پشتبەستنە بووتە هۆی گۆڕانی بنەڕەتی لە فۆرماتی بەرنامەکاندا، وەک کورتکردنەوەی ماوە ولاسایکردنەوەی فۆرماتە قایرەڵەکان، داکشانی بەرچاوی ستانداردە پیشەیی وئیتیکییەکانی وەک وردبینی ودەرگاوانی(Gatekeeping) وقووڵبوونەوەی قەیرانی متمانە. توێژینەوەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە تەلەفزیۆن لە هەوڵی مانەوەیدا، ناسنامەی خۆی وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو دەخاتە مەترسییەوە.

کلیلەوشەکان- تەلەفزیۆن، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ناوەڕۆکی میدیایی، میدیاناوێزان (Intermediality)، ئیکۆلۆژیای میدیا، هەرێمی کوردستان.

١. پێشەکی

لە دوو دەیەی ڕابردوودا، دیمەنی میدیایی جیهان بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕاوە. سەرهەڵدانی ئینتەرنێت، گەشەکردنی خێرای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وبڵاوبوونەوەی ئامێرە زیرەکەکان، ئیکۆلۆژیایەکی میدیایی نوێیان دروستکردووە کە یاسا وڕێسا کۆنەکانی گەیاندنی تێکشاندووە. لەم ئیکۆلۆژیا نوێیەدا، کە دەتوانین بە "ئیکۆلۆژیای میدیای دیجیتاڵی" ناوی ببەین، هێزە تەقلیدییەکانی وەک تەلەفزیۆن، ڕادیۆ وڕۆژنامە ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی گەورە بوونەتەوە. تیۆری "ئیکۆلۆژیای میدیا"، کە لەلایەن بیرمەندانی وەک مارشاڵ مەکلوهانەوە پەرەی پێدراوە، پێیان دەڵێت کە هەر ئامرازێکی نوێی گەیاندن، ژینگەیەکی نوێ دروست دەکات کە کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوە، هەڵسوکەوت وپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان دادەنێت. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنها ئامرازێکی نوێ نین، بەڵکو ژینگەیەکی نوێن کە تایبەتمەندی سەرەکییان بریتین لە خێرایی، کارلێککردن(Interactivity) ، وناوەڕۆکی بەکارهێنەر-بەرهەم-(User Generated Content).

لەناو ئەم ژینگە نوێیەدا، هێڵی جیاکەرەوەی نێوان بەرهەمهێنەری میدیا ووەرگر کاڵ بووەتەوە. هەر تاکێک بەهۆی هەبوونی مۆبایلێکی زیرەک وهێڵی ئینتەرنێتەوە، توانای ئەوەی هەیە ببێتە "هاوڵاتیی ڕۆژنامەنووس" لە چرکەیەکدا هەواڵێک، وێنەیەک یان ڤیدیۆیەک بگەیەنێتە هەزاران کەس. ئەم دۆخە بووەتە هۆی لەدەستدانی هەژموونی خۆی میدیا کۆنباوەکان لەسەر ڕووماڵی ڕووداوەکان وکۆنترۆڵکردنی زانیاری. دەسەڵاتی دەرگاوانی(Gatekeeping) ، کە پێشتر لە دەستی سەرنووسەر وبەڕێوەبەری کەناڵەکاندا بوو، ئێستا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەسەر ئەلگۆریتمەکانی پلاتفۆرمە گەورەکان وبەکارهێنەرە تاکەکاندا دابەش بووە.

تەلەفزیۆن، کە بۆ دەیان ساڵ وەک "پاشای ئامرازەکان" سەرچاوەی سەرەکیی زانیاری وکاتبەسەربردن بۆ خێزانەکان دادەنرا، ئێستا لەبەردەم هەڕەشەیەکی وجودیدایە. بینەری تەقلیدی، کە پێشتر بە شێوەیەکی پاسیڤ لەبەردەم شاشەی تەلەفزیۆن دادەنیشت، ئێستا بووەتە بەکارهێنەرێکی چالاک کە خۆی بڕیار دەدات کەی، لە کوێ، چ ناوەڕۆکێک ببینێت. ئەم گۆڕانە لە هەڵسوکەوتی وەرگردا، تەلەفزیۆنی ناچار کردووە کە ستراتیژییەکانی خۆی پێداچوونەوەی بۆ بکات بۆ ئەوەی لە کێبڕکێی مانەوەدا بەردەوام بێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر یەکێک لە گرنگترین ستراتیژییەکانی خۆگونجاندن کە تەلەفزیۆنەکان، بەتایبەتی لە دۆخی میدیای کوردیدا، پەیڕەوی دەکەن: پشتبەستن بە ناوەڕۆکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

٢. چوارچێوەی میتۆدی

أ. کێشەی توێژینەوە

لەئیستادا پشتبەستنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بە ناوەڕۆکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە دیاردەیەکی جیهانی، بەڵام لە هەر دۆخێکی میدیاییدا ڕەهەندی جیاوازی هەیە. لە

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 4(2026)؛ عدد الصفحات (22)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n4y2026.pp89-110

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 9 تشرين الأول 2025؛ قُبل في 14 كانون الأول 2025؛ نُشرت في 1 تشرين الثاني 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف :karwan.hasan@univsul.edu.iq, shaimawaseemm@gmail.com

حقوق الطبع والنشر ©2026 شەیما وەسیم صادق، کاروان محمد حسن. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

هەرێمی کوردستان، کە خاوەنی دیمەنێکی میدیایی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەم دیاردەیە ئاڵۆزیی زیاتری هەیە. بەو پێیەی داتاو زانیاری رود لە بەردەست نیە سەبارەت بە شێوەی ئەو پشتبەستنە، لەم سۆنگەیەوە کێشەی سەرەکی ئەم تۆێژینەوەیە ئەو ناڕوونیە کە لە پەیوەندی نیوان کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان وناوەرۆکی تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدی دەکرێت بەوپێیەی تادێت بینەری پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەزیادبووندایە ونازانرێت تاچەند تەلەفزیۆنەکان پەنایان بۆ ناوەرۆکی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان بردوە.

ب. پرسیارەکانی تۆێژینەوە

لە ڕوانگەی کێشەی ئەم تۆێژینەوەیە، تۆێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

1. ئایا تایبەتمەندیەکانی ناوەرۆکی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا چین؟
2. ئایا هەژمونی فراوانی سۆشیال میدیا بوتە سەرچاوە و مۆدێل؟
3. ئایا لە سایەی بەریەککەوتنی ناوەرۆکی تەلەفزیۆن و تۆرەکۆمەڵایەتیەکان ستاندارد پیشەیی و ئیتیکییەکان لاوازبوون؟
4. ئایا پەنابردن بۆ ناوەرۆکی تۆرە کۆمەلایەتییەکان لە لایەن تەلەفزیۆنەوە ستراتیژیکە بۆ خۆگونجاندن ومانەوە؟
5. ئایا پاڵنەر و میکانیزمەکانی ڕەنگدانەوەی ناوەرۆکی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکاندا چین؟

ت. ئامانجەکانی تۆێژینەوە

لەسەر بنەمای پرسیارەکانی سەرەوە، ئەم تۆێژینەوەیە ئەم ئامانجانەی هەیە:

1. دیاریکردنی تایبەتمەندیەکانی ناوەرۆکی میدیایی لە هەرێمی کوردستان.
2. خستنەڕووی هەژمونی فراوانی سۆشیال میدیا وەک سەرچاوە و مۆدێل.
3. بەئاگابوون لە بەریەککەوتنی ناوەرۆکی تەلەفزیۆن و تۆرەکۆمەڵایەتیەکان ستاندارد پیشەیی و ئیتیکییەکان لاوازبوون.
4. خستنەڕوی پەنابردن بۆ ناوەرۆکی تۆرە کۆمەلایەتییەکان بۆ خۆگونجاندن و مانەوەی تەلەفزیۆن لە ژینگەی نوێ میدیادا.
5. دەستنیشانکردنی پاڵنەر ومیکانیزمەکانی ڕەنگدانەوەی ناوەرۆکی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکاندا.

ث. گرنگیی تۆێژینەوە

ئەم تۆێژینەوەیە لە چەند ڕوویەکەوە گرنگیی خۆی هەیە:

1. گرنگیی ئەکادیمی ئەم تۆێژینەوەیە بەشدارییەکات لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکی زانستی لە بواری لێکۆڵینەوە میدیاییەکاندا لەسەر دۆخی کوردی. لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەی زۆر لەسەر کاریگەریی سۆشیاڵ میدیا بە گشتی کراوە، بەڵام تۆێژینەوەی ورد لەسەر پەیوەندیی نێوان سۆشیاڵ میدیا و تەلەفزیۆنی کوردی کەمە. هەروەها، تۆێژینەوەکە بە شێوەیەکی کرداری چەمکەکانی وەک "ئیکۆلۆژیای میدیا" و "میدیائاویزان" لەسەر کەیسێکی ناوخۆیی جێبەجێ دەکات، کە ئەمەش دەتوانێت ببێتە بنەمایەک بۆ لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی داهاتوو.
2. گرنگیی کرداری :دەرەنجامەکانی ئەم تۆێژینەوەیە سوودی ڕاستەوخۆیان دەبێت بۆ بەڕێوەبەرانی کەناڵەکان، داڕێژەرانی سیاسەتی میدیایی و میدیاکارنی هەرێمی کوردستان. تێگەیشتن لە ئاڵنگاری ودەرفەتەکانی ئەم پەیوەندییە دەکرێت یارمەتیدەر بێت لە داڕشتنی ستراتیژیی کاریگەرتر بۆ بەرزکردنەوەی کوالیتی و پاراستنی ئاکارە پیشەییەکانی بوارەکە. هەروەها، دەتوانێت وەک سەرچاوەیەکی فێرکاری بۆ خوێندکارو فێرخوازنی بواری میدیا ومیدیاکاران بە گشتی بەکاربێت بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ڕاستەقینەی کاری میدیایی لە سەردەمی دیجیتاڵیدا.

ج. کۆمەڵگەو مشتەی تۆێژینەوە

کۆمەڵگەی ئەم تۆێژینەوە مامۆستا و پسپۆرە ئەکادیمییەکانی بواری میدیا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستانن، بۆ ئەم مەبەستەش تۆێژەر مشتەیەکی نا هەڕەمەکی مەبەستدار (Purposive Sampling)بەکارهێناوە. هەڵبژاردنی ئەم مشتەیە لە تۆێژینەوەی کوالیتیدا باوە کە تێیدا تۆێژەر بە مەبەست ئەو کەسانە دەستنیشاندەکات کە پسپۆرن و شارەزان و ئەزموونی زۆریان هەیە لە بوارەکەدا و وابەستەن بە پرسیارەکانی تۆێژینەوەکەوە (Patton, 2015).

ح. میتۆدی تۆێژینەوە

لەپێناو وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تۆێژینەوەکە و گەیشتن بە تێگەیشتنێکی قوڵ لە دیاردەی جێی باس، تۆێژەر پەیڕەوی لە ڕێبازی شیکاریی چۆنایەتیی ئیندێکتیف (Inductive Qualitative Analysis) کردووە. ئامانجی سەرەکی لەم ڕێبازە، گەیشتن نیە بە دەرەنجامێک کە بەشێوەی ئاماری گشتاندنی بۆ بکرێت، بەڵکو بریتیە لە شیکردنەوە و پوختکردنەوەی داتای خام بۆ دەستنیشانکردنی تێما و نەخشە سەرەکیەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بابەتیانە، کە لە خودی داتاکانەوە سەرچاوە دەگرن، نەک لە تیۆرییەکی پێشوەختەوە.(Thomas, 2006)

ئەم ڕێبازە بە تایبەتی گونجاوە بۆ ئەو تۆێژینەوانەی پشتیان بە داتای کۆکراوە لە چاوپێکەوتنی قوڵ بەستووە، چونکە ڕێگە بە تۆێژەر دەدات بە شێوەیەکی سیستماتیک لە وردەکاریی زانیارییەکانەوە بڕوات بەرەو دەستنیشانکردنی ئەنجامە گشتییەکان، بێ ئەوەی لە چوارچێوەی تیۆرییەکی پێشوەختەدا سنووردار کرابێت. بە واتایەکی تر، ئەنجامەکان لەناو داتاکاندا دەدۆزرێنەوە نەک بەسەریاندا بسەپێنرێن.

خ. بوارەکانی تۆێژینەوە

بواری کات: کاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان مانگی ٧-٢٠٢٥١٨

بواری شوێن: هەرێمی کوردستانی عیراق

بواری مرۆیی: مامۆستایانی ئەکادیمی بواری میدیایی لە زانکۆکانی (سلێمانی، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، هەولێر، پۆلیتەکنیکی هەولێر، گەرمیان، هەڵەبجە، پەیمانگای تەکنیکی کوردستان KTI، پەیمانگای ناشنال بۆ تەکنەلۆجیا).

د. تۆێژینەوەکانی پێشوو

(Teurlings, 2018) لە تۆێژینەوەیەکیدا بە ناونیشانی ناڕاستەوخۆی "هاوبەشی نوێی ڕەخنەی تەلەفزیۆنی"، بە بەکارهێنانی میتۆدی شیکاریی چۆنایەتی و تۆێژینەوەی حاڵەت (Qualitative Case Study) لەناو ژینگەی کۆمەڵگە ئۆنلاینەکانی هەوادارانی زنجیرەیەکی ئەمریکی "The Walking Dead" ئەنجامی داوە. گرنگترین دەرەنجامی ئەوەیە کە بینەران لە وەرگری پاسیڤەوە بوونەتە ڕەخنەگری چالاک، ئەمەش فشارێکی زۆری لەسەر بەرهەمهێنەران دروست کردووە کە زۆرجار ناچاریان دەکات بڕیاری پەلەپەل بدەن و زیاتر گرنگی بە دروستکردنی "ساتە ڤایرەڵییەکان"

بدەن نەک گێڕانەوەیەکی پتەو. لەم سۆنگەیەوە، پێشنیاری ئەوە دەکات کە پێویستە بەرهەمهێنەران هاوسەنگییەک لەنێوان وەڵامدانەوەی بینەر و پاراستنی کوالیتیی دریژخایەندا بدۆزنەوە. ئارگیومێنتی ڕەخنەیی ئیمە ئەوەیە کە ئەم تێڕوانینەوەیە، بەهۆی پشتبەستنی بە تەنیا یەک حاڵەت (زنجیرەیەکی دیاریکراو)، توانای گشتاندنی ئەنجامەکانی سنووردارە. ناکرێت ئەزموونی هەواداراني زنجیرەیەکی خەیاڵی-زانستی بەسەر تەواوی دیمەنی میدیاییدا، بەتایبەت بواری هەواڵ و سیاسەت، گشتگیر بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەنجامەکانی ئەم تێڕوانینەوەیەی ئیمە بە شێوەیەکی بەرچاو هاوتەریبە لەگەڵ دەرەنجامەکانی تۆرلینگر. ئەو فشارەی ئەو باسی لێوە دەکات، هەمان ئەو فشارەیە کە بەشداربووانی تێڕوانینەوەکەی ئیمە ئاماژەیان پێدا و بووەتە هۆی "کورتکردنەوەی ماوە و لاسایکردنەوەی فۆرماتە ڤایرەڵییەکان"، کە ئەمەش دواجار دەچێتە چوارچێوەی "داکشانی ستانداردە پیشەییەکان"ەوە.

چینگ (Cheng et al., 2016) لە تێڕوانینەوەیەکدا لە ژینگەی میدیای تایواندا، بە بەکارهێنانی میتۆدی شیکاریی چۆنیەتی و مۆدێلی ئامارێی پێشبینیکردن (SVR Model)، پەیوەندیی نێوان چالاکیی فەیسبووک و ڕێژەی بینەری تەلەفزیۆنیان پێواوە. گرنگترین ئەنجامیان ئەوە بوو کە پەیوەندییەکی ئامارێی بەهێز لەنێوان ئاستی کارلێکی فەیسبووک (لایک، کۆمێنت) و ڕێژەی بینەری بەرنامەکاندا هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە، پێشنیاریان کردووە کە کەناڵەکان دەتوانن سۆشیال میدیا وەک ئامرازێکی ستراتیژی بۆ پێشبینیکردنی بازاڕ و بەرزکردنەوەی ڕێژەی بینەر بەکاربهێنن .لێرەدا ڕەخنەی سەرەکیی ئیمە لەسەر میتۆدەکەیە؛ ئەم تێڕوانینەوەیە بە تەواوی سروشتی چۆنایەتیی ناوەڕۆکەکە و هۆکارە کەلتوورییەکانی پشت کارلێکەکان پشتگوێ دەخات. تەنیا پەیوەندیی نێوان ژمارەکان نیشان دەدات، نەک هۆ و چۆنیەتیی کاریگەرییەکە. ئەمە هەڵەیەکی میتۆدۆلۆژییە چونکە دیاردەیەکی مرۆیی ئاڵۆز تەنیا بۆ ژمارە کورت دەکاتەوە. ئەنجامەکانی تێڕوانینەوەکەی ئیمە لێرەدا تەواوکەری ئەو بۆشاییەن؛ لە کاتێکدا چینگ پەیوەندییە ئامارییەکە دەسەلمێنێت، تێڕوانینەوەکەی ئیمە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنە قوواڵەکانەوە ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن ئەو "کارلێک"ە لە ڕاستیدا بڕیتییە لە پشتبەستن بە ناوەڕۆکی وروژێنەر و ناپێشەیی، کە دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی قەیرانی متمانە، نەک تەنیا بەرزبوونەوەی ڕێژەی بینەر.

گیرهارت و کانگ (Gearhart & Kang, 2014) لە ڕێگەی توێژینەوەیەکی تاقیکارییەوە (Experimental Research) لە ژینگەیەکی ئەکادیمیی ئەمریکیدا، کاریگەریی کۆمێنتەکانی سۆشیال میدیایان لەسەر تێڕوانینی بینەران بۆ هەواڵی تەلەفزیۆنی شیکردووەتەوە. ئەوان بۆیان دەرکەوت کە بینینی کۆمێنتی نەرێنی لە تەنیشت هەواڵێکەوە، وا لە بینەران دەکات کە هەواڵەکە بە کەمتر باوەڕپێکراو و کوالیتی نزمتر ببینن، تەنانەت ئەگەر ناوەڕۆکی هەواڵەکە خۆی بێلایەنیش بێت. لەسەر ئەم بنەمایە، پێشنیاریان کردووە کە دەزگاکانی هەواڵ دەبێت ئاگاداری ئەو کاریگەرییە لاوەکییە بن. ئارگیومێنتی ئیمە لێرەدا ئەوەیە کە ژینگەی تاقیکاری ناتوانێت بە تەواوی ڕەنگدانەوەی دۆخی ڕاستەقینەی بەریەککەوتنی بینەر لەگەڵ میدیادا بێت؛ لە ژیانی ڕۆژانەدا، فاکتەری زۆر زیاتر کاریگەرییان لەسەر تێڕوانینی بینەر هەیە. بەڵام سەرەڕای ئەمە، ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ئیمە بە تەواوی هاوتەریبە لەگەڵ دەرەنجامەکانی ئەوان. ئەو "داکشانەی باوەڕپێکراوی" کە ئەوان لە تاقیگەکەدا پێواویانە، هەمان ئەو "قەیرانی متمانە"یەیە کە پسپۆرانی کورد لە چاوپێکەوتنەکاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان باسیان لێوە کرد. توێژینەوەکەی ئیمە ئەم دەرەنجامە لە ژینگەی تاقیکاری دەردەهێنێت و لەناو واقیعی میدیای کوردیدا دایدەنێت.

ئەلفرۆخ (Al-Froukh, 2022) لە ڕاپرسییەکدا (Survey) لەسەر ڕۆژنامەنووسانی فەڵەستینی، ئاستی پشتبەستنیانی بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک سەرچاوەی هەواڵ پێواوە. گرنگترین ئەنجامی ئەوە بوو کە ٩٨٪ی ڕۆژنامەنووسان پشتیان پێ بەستووە. لەسەر بنەمای ئەمە، پێشنیاری کردووە کە پێویستە ڕۆژنامەنووسان خولی ڕاهێنان لەسەر شێوازەکانی پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی سۆشیال میدیادا ببینن . ڕەخنەی ئیمە لەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە تەنیا دیاردەکە وەسف دەکات و لە هۆکارە بنەڕەتییە سیاسی و ئابووریییەکانی پشت ئەم پشتبەستنە ناکۆڵێتەوە. بۆچی ڕۆژنامەنووسان ناچارن پشت بە سۆشیال میدیا ببەستن؟ ئەمە پرسیارێکە کە ڕاپرسییەکە ناتوانێت وەڵامی بداتەوە . ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ئیمە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە؛ بەشداربووانی ئیمە ڕوونیان کردەوە کە ئەم پشتبەستنە تەنیا هەڵبژاردن نییە، بەڵکو زۆرجار ناچارییە و وەک ستراتیژییەک بۆ مانەوە لە ژینگەیەکی میدیایی پڕ لە کێبڕکێ و لەژێر فشاری سیاسیدا سەیر دەکرێت.

سوما (Summa, 2011) لە تێزی دکتۆراکەیدا بە میتۆدی شیکاریی تیۆری و مێژوویی، لە پەرەسەندنی "تەلەفزیۆنی کۆمەڵایەتی" دەکۆڵێتەوە. ئەو دەری دەخات کە سۆشیال میدیا کۆنترۆڵی ناوەڕۆکی لە تۆڕە گەورەکانەوە گواستووەتەوە بۆ بەکارهێنەران . ڕەخنەی ئیمە ئەوەیە کە ئەم تێزە، کە لە قۆناغێکی سەرەتایی گەشەی سۆشیال میدیادا نووسراوە، زیاتر جەخت لەسەر لایەنە ئەرێنی و دیموکراتییەکانی دیاردەکە دەکاتەوە و کەمتر ئاوڕ لە لێکەوتە نەرێنییەکانی وەک داکشانی ستانداردە پیشەییەکان دەداتەوە .توێژینەوەکەی ئیمە لایەنە تاریکەکەی ئەو پەرەسەندنە دەخاتەڕوو؛ ئەو بەشداربوانەی بەکارهێنەر کە سوما وەک خاڵێکی بەهێز دەیبینێت، لە کۆنتێکستی ئیمەدا بووەتە سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی ناوەڕۆکی ناپشتڕاستکراو کە میدیای تەقلیدی ناچارە شوێنی بکەوێت.

ڕێن و هاوکارانی (Ren et al., 2024) لە توێژینەوەیەکی چۆنیەتیدا دەریانخستووە کە سۆشیال میدیا و میدیای تەقلیدی لە ڕکابەرییەکی سفریدا نین و دەکرێت تەواوکەری یەکتری بن. بۆ نموونە، زیادبوونی قسەوباس لەسەر بابەتێک لە سۆشیال میدیا دەبێتە هۆی زیادبوونی بینەری هەواڵە پەیوەندیدارەکان لە تەلەفزیۆن . ئەم مۆدێلە زیاتر لەسەر بواری ئابووری وهەواڵی دارایی جێبەجێ کراوە، کە سروشتێکی جیاوازی هەیە لە هەواڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی . توێژینەوەکەی ئیمە ئەو تێزە تەواو دەکات بەوەی کە ئەم پەیوەندییە تەواوکارییە لە کۆنتێکستی کوردیدا "نا-هاوسەنگ"ە. واتە تەلەفزیۆن سوودمەند دەبێت، بەڵام باجەکەی لەدەستدانی ناسنامە ورۆڵی دەرگاوانیی خۆیەتی.

گۆریونۆڤا (Goriunova, 2013) ئاماژە بە چەمکی "گەمژەیی میدیای نوێ " (new media idiocy) دەکات، کە تێیدا ناوەڕۆکە گاڵتەجارییەکانی وەک میم و ڤیدیۆی ڤایرەڵ وەک فۆرمێکی داهێنەرانەی دەربڕین سەیر دەکات . ئارگیومێنتی ئیمە ئەوەیە کە ئەم دیدە تیۆرییە، لە کاتێکدا لە ڕووی کەلتوورییەوە گرنگە، بەڵام مەترسییەکانی ئاسایکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕووکەش و بێ بەها لەناو فەزای گشتیدا لەبەرچاو ناگرێت . توێژینەوەکەی ئیمە ئەنجامە کردارییەکانی ئەم چەمکە نیشان دەدات؛ کاتێک کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بۆ مانەوە هەوڵی لاسایکردنەوەی ئەم "گەمژەییە" دەدەن، ئەوا بەرهەمەکەیان دەبێتە ناوەڕۆکێکی ڕووکەش کە تەنیا گرنگی بە ڤایرەڵبوون دەدات و ئەمەش ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی داکشانی کوالیتی.

تەبمان (Tubman, 2018) لە توێژینەوەکەیدا ئاستەنگەکانی بەکارهێنانی ناوەڕۆکی

بەرهەمهێنراوی بەکارهێنەر (UGC) لە ژووری هەواڵدا ڕوون دەکاتەوە، وەک کێشەکانی پشتڕاستکردنەوەی زانیاری و پەرەنسیپە ئەخلاقییەکان . ڕەخنەی ئیمە ئەوەیە کە تۆڕێنەوەکە زیاتر کێشەکان دەستنیشان دەکات، بەڵام کەمتر لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی پشت ناچاربوونی ژووری هەواڵ بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرە ناوەڕۆکە دەکۆڵێتەوە .تۆڕێنەوەکەی ئیمە وەک حاڵەتێکی کرداری هەموو ئەو ئاستەنگانە پشتڕاست دەکاتەوە. بەشداربووانی ئیمە باسیان لەوە کرد کە چۆن فشاری خێرایی وا دەکات کاتیان بۆ پشتڕاستکردنەوەی UGC نەبێت، ئەمەش بە تەواوی لەگەڵ هۆشداریەکانی تەماندا یەکدەگرێتەوە.

ئاریاس (Arias, 2019) لە تۆڕێنەوەیەکدا لە مەکسیک دەڕێخست کە میدیا لە ڕێگەی میکانیزمی "زانینی هاوبەش (common knowledge) "موە کاریگەری لەسەر تۆرمە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت. واتە وا دەکات خەڵک بزانن کە خەڵکی تریش هەمان شت دەزانن . ئارگیومێنتی ئیمە ئەوەیە کە ئەم تیۆرە لە سەردەمی سۆشیال میدیادا پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، چونکە سۆشیال میدیا دەتوانێت "زانینی هاوبەش"ی ساختە و لەناو "ژووری دەنگدانەوە (Echo Chamber) "دا دروست بکات. تۆڕێنەوەکەی ئیمە ئەمە ڕوون دەکاتەوە؛ ترێندەکانی سۆشیال میدیا فشارێکی کۆمەڵایەتیی بەهێز دروست دەکەن کە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان هەست بە پێویستی ڕەنگدانەوەی دەکەن، تەنانەت ئەگەر ئەو ترێندانە نوێنەرایەتیی ڕای گشتیی ڕاستەقینەش نەکەن.

چی حەسەن (Che Hassan, 2016) لە تۆڕێنەوەیەکدا لەسەر تەلەفزیۆنی مالیزی دەری دەخات کە هۆکارەکانی وەک ڕێساکانی حکومەت، بودجە و ژێرخانی پیشەسازی دەتوانن ببنە بەربەست لە بەردەم کەناڵەکاندا بۆ ئەوەی سوود لە سۆشیال میدیا وەربگرن. ڕەخنە لەم تۆڕێنەوەیە نییە، بەڵکو خاڵی بەهێزیەتی کە جەخت لەسەر گرنگیی کۆنتێکست دەکاتەوە . ئەم تۆڕێنەوەیە بە تەواوی پشتگیری لە ئاڕاستەی تۆڕێنەوەکەی ئیمە دەکات. هەروەک چۆن لە مالیزیا کۆنتێکستی سیاسی و ئابووری کاریگەری هەیە، تۆڕێنەوەکەی ئیمەش دەیسەلمێنێت کە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان تەلەفزیۆن و سۆشیال میدیا لە کوردستان، ناکرێت هەژموونی سیاسی و قەیرانی متمانەی پێشوەختە لەبەرچاو نەگیرێت. ئەمەش ڕەسەنایەتی و گرنگیی تۆڕێنەوەی ئیمە دەسەلمێنێت.

ذ. پێناسەی ڕێکاریی چەمکەکان

بۆ مەبەستی دیاریکردنی وردی چوارچێوەی کارکردنی ئەم تۆڕێنەوەیە، هەروەها بۆ ئەوەی خوێنەر بە ڕوونی لە سنووری گۆڕاوەکان و چەمکە بەکارهاتووەکان تێبگات، تۆڕەر پێناسەی ڕێکاریی تایبەت بە خۆی بۆ وشە و چەمکە سەرەکییەکانی تۆڕێنەوەکە دادەڕێژێت. ئەم پێناسانە تەنیا لە چوارچێوەی ئەم تۆڕێنەوەیەدا کاریان پێدەکرێت:

١ .تەلەفزیۆن:(Television) لە چوارچێوەی ئەم تۆڕێنەوەیەدا، چەمکی "تەلەفزیۆن" بەدیاریکراوی ئاماژەیە بە کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییە کوردییەکان کە خاوەنی بینەرێکی بەرفراوانن لە هەرێمی کوردستان. ئەم کەناڵانە وەک دامەزراوەی میدیایی ڕێکخراو سەیر دەکرێن کە خاوەن ستۆدیۆ، ستافی پیشەیی وخشتەی بەرنامەی دیاریکراون. ئەوان بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشت بە مۆدێلی پەخشی یەکلایەنە (one-to-many) دەبەستن. لەم تۆڕێنەوەیەدا، تەلەفزیۆن وەک "وەرگر" و "دووبارە بەرهەمهێنەرەوەی" ناوەڕۆکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لێکدەدرێتەوە، نەک تەنیا وەک سەرچاوەیەکی سەربەخۆی زانیاری. شیکارییەکە بەتایبەتی لەسەر بەرنامە گفتوگۆییەکان، هەواڵەکان و بەرنامە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم کەناڵانە چڕ دەبێتەوە.

٢ .تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان :(Social Media Networks) مەبەست لەم چەمکە لەم تۆڕێنەوەیەدا ئەو پلاتفۆرمە دیجیتاڵییانەیە (وەک فەیسبووک، ئینستاگرام، تیکتۆک و ئێکس) کە لەناو کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا باڵادەستن و وەک فەزایەکی گشتیی نافەرمی کار دەکەن بۆ دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆک لەلایەن بەکارهێنەرانی ئاساییەوە. لێرەدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک "سەرچاوەی سەرەکیی ناوەڕۆکی ڤایرەڵ وترێندی کۆمەڵایەتی" پێناسە دەکرێن، کە تێیدا بابەتەکان بە خێرایەکی زۆر بڵاو دەبنەوە و دەبنە ئەجێندای ڕۆژ. ئەوان وەک ژینگەیەکی میدیایی بەدیل سەیر دەکرێن کە ڕکابەریی میدیای کۆنباو دەکەن لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی بینەر و دیاریکردنی ئاراستەی گفتوگۆی گشتی.

٣ .ناوەڕۆکی میدیایی :(Media Content) لە چوارچێوەی ئەم تۆڕێنەوەیەدا، ئەم چەمکە بەرتەسک دەکرێتەوە بۆ "ئەو ناوەڕۆکەی کە سەرچاوەکەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە و دواتر لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەردەکەوێتەوە ". ئەم ناوەڕۆکە هەر شتێک دەگرێتەوە کە لەلایەن بەکارهێنەرانی ئاساییەوە بەرهەم هێنراوە و بەهۆی بەربڵاوییەوە گرنگیی میدیایی پێدراوە. بۆ مەبەستی شیکاری، ئەم ناوەڕۆکە پۆلێن دەکرێت بۆ:

- ناوەڕۆکی بینراو : کورتە ڤیدیۆی ڤایرەڵ، میم(Meme) ، وێنەی گاڵتەجاڕی.
- ناوەڕۆکی نووسراو :توێت، پۆستی فەیسبووک و هاشتاگی دیاریکراو.
- بابەت و ترێندەکان : ئەو مشتومڕە سیاسی، کۆمەڵایەتی یان کەلتوورییانەی کە لە سۆشیال میدیاوە دەست پێدەکەن.
- کەسایەتییەکان :ئەو کەسانەی لە سۆشیال میدیاوە دەناسرێن و دواتر دەبنە میوانی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان.

٤ .میدیائاوێزان :(Intermediality) لەم تۆڕێنەوەیەدا، چەمکی میدیائاوێزان وەک "کردار و میکانیزمی گواستنەوەی ناوەڕۆک لە میدیایەکەوە (تۆڕی کۆمەڵایەتی) بۆ میدیایەکی تر (تەلەفزیۆن)" پێناسە دەکرێت. ئەمە پرۆسەیەکە کە تێیدا سنووری نێوان دوو فۆرمی میدیایی کاڵ دەبێتەوە. میدیائاوێزان لێرەدا بە شێوەی کرداری بە چەند دیاردەیەکی دیاریکراو دەپێورێت، وەک:

- نیشاندانی ڕاستەوخۆی پۆستێکی فەیسبووک یان تویتێک لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن.
- لێدانی کورتە ڤیدیۆیەکی تیکتۆک یان ئینستاگرام لەناو ڕاپۆرتێکی هەواڵی یان بەرنامەیەکدا.
- خوێندنەوەی کۆمێنتی بینەران لە سۆشیال میدیاوە لەلایەن پێشکەشکارەوە.
- تەرخانکردنی بەشێک یان تەواوی بەرنامەیەک بۆ باسکردنی "ئەوەی لە سۆشیال میدیا باسی لێوە دەکرێت".

٥ .ئیکۆلۆژیای میدیا :(Media Ecology) ئەم چەمکە لەم تۆڕێنەوەیەدا ئاماژەیە بە "تەواوی ژینگەی میدیایی هەرێمی کوردستان " کە تێیدا میدیای کۆنباو و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە بوونیان هەیە و کار لە یەکتر دەکەن. ئەم ژینگەیە وەک سیستەمێکی زیندوو سەیر دەکرێت کە تێیدا جۆرە جیاوازەکانی میدیا (تەلەفزیۆن، سۆشیال میدیا) لە کێبڕکێ و هاوکات لە پەیوەندییەکی پشتبەستن بە یەکتردا

(symbiotic relationship)دان بۆ مانەوە و بەدەستهێنانی سەرنجی بینەر. ئیکۆلۆژیای میدیا لێرەدا ئەو چوارچێوە گەورەیەیە کە دیاردەی "ڕەنگدانەوە"ی تێدا ڕوودەدات و شیکردنەوەی ئەم ژینگەیە یارمەتیدەر دەبێت لە تێگەیشتن لە هۆکاری ملکەچبوونی میدیای کۆنباو بۆ ئەجێندای میدیای نوێ.

٦ .هەرێمی کوردستان :(Kurdistan Region) قەوارەیەکی ئیداری و سیاسیی نیمچە سەربەخۆیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراق فیدراڵی، دەکەوێتە بەشی باکوری عێراق. پێگەیەکی یاسایی هەیە و بەگوێرەی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ دامەزرا، کە کوردستانی وەک هەرمێکی فیدراڵی ناساند. لەم توێژینەوەیەدا، هەرێمی کوردستان تەنیا وەک چوارچێوەیەکی جوگرافی سەیر ناکرێت، بەڵکو وەک "دۆخێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووریی تایبەت "پێناسە دەکرێت کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر جۆری ئەو ناوەڕۆکە هەیە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست دەبێت و دواتر لە تەلەفزیۆنەکاندا ڕەنگ دەداتەوە. تایبەتمەندییەکانی ئەم هەرێمە، وەک دۆخی سیاسی، کێشە کۆمەڵایەتییەکان، نۆرمە کەلتوورییەکان، ئەو چوارچێوەیە دیاری دەکەن کە تێیدا ئەم دیاردەیە شیدەکرێتەوە. بۆیە دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستن بەم دۆخە دیاریکراوەوە.

٣. چوارچێوەی تیۆری

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، ئەم توێژینەوەیە بەسەر چەند بەشێکی سەرەکیدا دابەش کراوە. لە دوای ئەم پێشەکییە، بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ چوارچێوەی تیۆری و پێداچوونەوەی ئەدەبیات، کە تێیدا چەمکە سەرەکییەکانی وەک ئیکۆلۆژیای میدیا، میدیائاوێزان، و ستاندارد پیشەییەکانی ڕۆژنامەوانی دەخرێنەڕوو، لێکۆڵینەوە پێشوەکانی ئەم بوارە شیدەکرێنەوە. بەشی سێیەم، میتۆدۆلۆژیی توێژینەوە، بە وردی باس لە ڕێبازی کوالێتی و میتۆدی شیکاریی مژار بۆ چاوپێکەوتنەکان دەکات، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی شێوازی هەڵبژاردنی نموونە و کۆکردنەوەی داتا. بەشی چوارەم، شیکاریی دەرەنجامەکان، بە شێوەیەکی ورد مژارە سەرەکی و لاوەکییەکانی دەرکەوتوو لە چاوپێکەوتنەکان دەخاتەڕوو. بەشی پێنجەم، لێکۆڵینەوە و شیکاری دەرەنجامەکان بە چوارچێوە تیۆرییەکەوە دەبەستێتەوە و لێکدانەوەی قوواڵتریان بۆ دەکات. لە کۆتاییدا، بەشی شەشەم، ئەنجام و ڕاسپاردە، پوختەیەک لە دەرەنجامە سەرەکییەکان و چەند ڕاسپاردەیەکی کرداری بۆ باشترکردنی دۆخی میدیای کوردی پێشکەش دەکات.

لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، پەیوەندیی نێوان میدیای تەقلیدی و پلاتفۆرمە نوێیەکان بووەتە بابەتێکی سەرەکی و ئاڵۆز لە لێکۆڵینەوە میدیاییەکاندا. سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک هێزێکی گۆڕانکاری، نەک تەنها شێوازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی ناوەڕۆکی گۆڕیوە، بەڵکو خودی پێناسە و ڕۆڵی میدیای لە کۆمەڵگەدا خستووەتە ژێر پرسیارەوە. تەلەفزیۆن، کە بۆ دەیان ساڵ وەک ئامرازێکی ناوەندی و کاریگەر لە گەیاندنی گشتیدا هەژموونی هەبوو، ئێستا ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکی بنەڕەتی بووەتەوە بۆ پاراستنی پێگە و ناسنامەی خۆی لەناو ژینگەیەکی میدیایی نوێدا کە بە خێرایی، کارلێککردن و ناناوەندگەرایی دەناسرێتەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە ڕێگەی چوارچێوەیەکی تیۆریی فرەڕەهەندەوە لە سروشتی ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزە تێبگات، بە شیکردنەوەی میکانیزمەکانی خۆگونجاندن و لێکەوتەکانی لەسەر کوالیتی و ستانداردە پیشەییەکانی میدیای تەقلیدی.

بۆ ئەم مەبەستە، ئەم بەشە چوار ڕوانگەی تیۆریی سەرەکی بەکاردەهێنێت کە پێکەوە تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە بۆ دیاردەکە دابین دەکەن. یەکەم، تیۆری ئیکۆلۆژیای میدیا، کە گۆڕانکارییە ژینگەییەیە گەورەکان و کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیا لەسەر کۆمەڵگە ڕوون دەکاتەوە، هەروەها خۆگونجاندنی میدیایی وەک میدیائاوێزان (Intermediality)و دوبارە بە میدیاکردن (Remediation)، کە میکانیزمەکانی کارلێکی نێوان میدیاکان شیدەکەنەوە. دووەم، چەمکەکانی تایبەت بە گۆڕانی فۆرمی تەلەفزیۆن وەک هایپەرتەلەفزیۆن (Hypertelevision) و دابەشکردن (Fragmentation)و سێیەم، تیۆری دەرگاوانی (Gatekeeping) لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، کە کاریگەرییەکانی ئەم گۆڕانکارییانە لەسەر ستاندارد پیشەیی و ئێتیکییەکان هەڵدەسەنگێنێت. ئەم بەشە بە شێوەیەکی ورد و شیکاری، ئەم چوارچێوە تیۆرییانە دەخاتەڕوو و دەیانبەستێتەوە بە ئەدەبیاتی نوێی بوارەکەوە، بۆ ئەوەی بناغەیەکی تیۆریی پتەو بۆ شیکاریی دەرەنجامە کردارییەکانی توێژینەوەکە دابمەزرێنێت.

١. ئیکۆلۆژیای میدیا: گۆڕانی ژینگە لەبری گۆڕانی ئامراز

بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی قووڵی سۆشیاڵ میدیا لەسەر تەلەفزیۆن، پێویستە لە تێڕوانینێکی سادەی "ئامرازەکان" تێپەڕین و لە چوارچێوەی تیۆری ئیکۆلۆژیای میدیا (Media Ecology)دا سەیری بکەین. ئەم تیۆرییە، کە لەلایەن بیرمەندانی وەک مارشاڵ مەکلوهان (McLuhan, 1964) و نیڵ پۆستمان (Postman, 1985) هەوە پەرەی پێدراوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئامرازەکانی گەیاندن تەنها کەرەستەی یێلایەن نین بۆ گواستنەوەی زانیاری، بەڵکو ژینگەیەک دروست دەکەن کە شێوازی بیرکردنەوە، هەستکردن و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییان دادەڕێژێتەوە. دروشمە بەناوبانگەکەی مەکلوهان، "ئامرازەکە خۆی پەیامەکەیە" پوختەی ئەم تیۆرییەیە: واتە سروشتی خودی تەکنەلۆژیاکە (نەک تەنها ناوەڕۆکەکەی) کاریگەریی سەرەکیی هەیە لەسەر کۆمەڵگە. بە واتایەکی تر، گۆڕان لە تەکنەلۆژیای گەیاندنا تەنها گۆڕان نییە لە شێوازی ناردنی پەیامدا، بەڵکو گۆڕانە لە خودی ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەروونیی مرۆڤدا.

لەم ڕوانگەیەوە، تەلەفزیۆن تەنها ئامێرێک نەبوو بۆ پیشاندانی وێنەی جوڵاو، بەڵکو ئیکۆلۆژیایەکی میدیایی دروست کرد کە لەسەر بنەمای بینینی هاوکات (Simultaneous viewing)، گێڕانەوەی هێڵی (Linear narrative)، کۆنترۆڵی ناوەندی (Centralized control) دامەزرابوو. ئەم ژینگەیە "گوندی جیهانی " (Global Village)ی دروست کرد و شێوازی بەسەربردنی کات و پەیوەندییە خێزانییەکانی گۆڕی. بەڵام سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەم ئیکۆلۆژیایەی بە تەواوی تێکدا (McLuhan, 1964).

ئیکۆلۆژیای نوێی سۆشیاڵ میدیا لەسەر بنەمای چەند تایبەتمەندییەکی جیاواز دامەزراوە:

خێرایی و دەستبەجێیی :(Speed and Immediacy) زانیارییەکان بە خێراییەکی زۆر بڵاودەبنەوە، کە فشارێکی زۆر لەسەر تەلەفزیۆن دروست دەکات بۆ ئەوەی لە کێبڕکێی گەیاندنی هەواڵدا دوا نەکەوێت.

کارلێککردن و بەشداری :(Interactivity and Participation) بە پێچەوانەی پەخشی یەکلایەنەی تەلەفزیۆن، سۆشیاڵ میدیا لەسەر بنەمای دیالۆگ و کارلێکی

بەردەوام دامەزراوە. وەرگر چیتر پاسیڤ نییە، بەڵکو بەشداریکی چالاکە.

ناناوەندگەرایی :(Decentralization) هەر بەکارهێنەرێک دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی بڵاوکردنەوە، کە ئەمەش مۆنۆپۆلیی کەناڵە گەورەکانی لەسەر زانیاری شکاندووە.

ئەلگۆریتم و بەکەسیکردن (شخصنه) (Algorithms and Personalization): ناوەڕۆک لەسەر بنەمای حەز و ئارەزووەکانی تاکەکان پیشان دەدرێت، کە ئەمەش چەمکی "بینەری گشتی" لاواز دەکات.

لە چوارچێوەی میدیای کۆردیدا، ئەم گۆڕانە ئیکۆلۆژییە زۆر بەخێرایی ڕوویدا. کۆمەڵگەیەک کە دیمەنە میدیاییەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو لە مۆدێلی "فرەیی پۆلارایزکراو (Polarized Pluralist) "نزیکە، کە تێیدا میدیا بە شێوەیەکی سەرەکی ئاوێنەی هێزە سیاسییەکانە (Hallin & Mancini, 2004)، لەناکاو کەوتە بەر شەپۆلێکی بەهێزی سۆشیاڵ میدیا. ئەمە نەک تەنها کێبڕکێیی بۆ تەلەفزیۆنەکان دروست کرد، بەڵکو ژینگەیەکی میدیایی پەرتەوازە (fragmented) ی هێنایە ئاراوە کە تێیدا مۆنۆپۆلیی میدیای تەقلیدی لەسەر دانانی ئەجێندا تێک شکا (Bennett & Iyengar, 2008). کەواتە، پشتبەستنی تەلەفزیۆن بە سۆشیاڵ میدیا تەنها هەڵبژاردنێکی ناوەڕۆکی نییە، بەڵکو کاردانەوەیەکی حەتمییە بەرامبەر بە گۆڕانێکی قوواڵی ژینگەیی کە تێیدا یاسا و ڕێساکانی یاریەکە گۆڕاون.

کاتێک ژینگەیەکی میدیایی نوێ سەرهەڵدەدات، میدیا کۆنەکان لەناو ناچن، بەڵکو خۆیان دەگونجێنن. دوو چەمکی سەرەکی یارمەتیدەرن لە تێگەیشتن لەم پرۆسەیە دووبارە بە میدیاکردن (Remediation) و میدیائاوێزان.(Intermediality): دووبارە بە میدیاکردن، وەک لەلایەن جەی دەیڤد بۆڵتەر و ڕیچارد گروسینەوە پێناسە کراوە، ئەو پرۆسەیەیە کە تێیدا میدیایەکی نوێ فۆرم و ناوەڕۆکی میدیایەکی کۆنتر وەردەگرێت و دایدەڕێژێتەوە .(Bolter and Grusin, 1999) بۆ نموونە، سینەما "دووبارە بە میدیاکردن "ی شانۆی کرد، تەلەفزیۆن "دوبارە بە میدیاکردن "ی سینەما و ڕادیۆی کرد. بەڵام دوبارە بە میدیاکردن پرۆسەیەکی دوولایەنەیە: میدیا کۆنەکانیش لە وەڵامدا، هەوڵدەدەن تایبەتمەندییەکانی میدیا نوێیەکان وەربگرن بۆ ئەوەی نوێ و پەیوەندیدار بمێننەوە. ئەمە بە وردی ئەو دۆخەیە کە تەلەفزیۆنی ئەمڕۆی تێدایە: ئەو هەوڵدەدات "دوبارە بە میدیاکردن"ی ئینتەرنێت وتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکات. بۆ نموونە، کاتێک کەناڵێکی تەلەفزیۆنی پەخشی ڕاستەوخۆی *Facebook Live* لەسەر شاشەکەی پیشان دەدات، یان کاتێک بەرنامەیەک لەسەر بنەمای کۆمێنت و پۆستەکانی تویتەر دروست دەکات، لە ڕاستیدا لە پرۆسەی دوبارە بە میدیاکردن دایە.

بەڵام میدیائاوێزان چەمکێکی فراوانتر و زیاتر باس لە پەیوەندی وکارلێکی بەردەوامی نێوان فۆرمە میدیاییە جیاوازەکان دەکات. لەبری ئەوەی یەک میدیا ئەویتر "بخوات"، میدیائاوێزان جەخت لەوە دەکاتەوە کە میدیاکان لەناو تۆڕێکی ئاڵۆزی پەیوەندیدا بوونیان هەیە و بەردەوام کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن. ئەم تیۆرییە یارمەتیدەرە لە تێگەیشتن لەوەی کە تەلەفزیۆن و سۆشیاڵ میدیا چیتر دوو جیهانی جیاواز نین، بەڵکو دوو بەشی تێکەڵاوی لەناو هەمان سیستەمی میدیاییدا. ناوەڕۆک بە شێوەیەکی شل لە نێوانیاندا دەجوڵێت: بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی دەبێتە بابەتی گفتوگۆی سۆشیاڵ میدیا، و گفتوگۆکانی سۆشیاڵ میدیاش دەبنەوە بە ناوەڕۆکی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی. کەناڵە کۆردییەکان زۆر بە چالاکی ئەم پەیوەندییە دووڵایەنەیە بەکاردەهێنن. ئەوان پلاتفۆرمەکانیان لەسەر سۆشیاڵ میدیا هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی کورتە ڤیدیۆ و ڕاکێشانی بینەر، لە هەمان کاتدا ناوەڕۆکی خودی سۆشیاڵ میدیا (وەک ڤیدیۆی بەکارهێنەران) دەگوازنەوە سەر شاشەکانیان. ئەمە نموونەیەکی کلاسیکی میدیائاوێزانە لە کردەدا، کە تێیدا سنووری نێوان ئامرازەکان نامێنێت و ئەزموونێکی میدیایی یەکگرتوو بۆ وەرگر دروست دەبێت.(Rajewsky, 2005)

کەواتە، پشتبەستنی تەلەفزیۆن بە سۆشیاڵ میدیا تەنها کۆپیکردنێکی سادە نییە، بەڵکو میکانیزمێکی ئاڵۆزی خۆگونجاندنە کە لە ڕێگەی دوبارە بە میدیاکردن و میدیائاوێزانەوە ڕوودەدات. تەلەفزیۆن لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی زمانی نوێی میدیای دیجیتاڵی فێربێت و لەناو کارە تەقلیدییەکانی خۆیدا بەکاری بهێنێت.

٢. هایپەرتەلەفزیۆن و دابەشکردن: گۆڕانکاری لە فۆرم وستایلدا

کاریگەریی سۆشیاڵ میدیا تەنها لەسەر سیاسەتی ناوەڕۆک نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی قووڵ فۆرم وستایلی بینراوی تەلەفزیۆنی گۆڕیوە. دوو چەمکی سەرەکی یارمەتیدەرن لە تێگەیشتن لەم گۆڕانکارییە : هایپەرتەلەفزیۆن (Hypertelevision) و دابەشکردن (Fragmentation).

هایپەرتەلەفزیۆن، زاراوەیەکە کە لەلایەن کارلۆس سکۆلاریپەوە ناسێنراوە، ئاماژەیە بۆ ئەو جۆرە نوێیەی تەلەفزیۆن کە هەوڵدەدات ئەزموونی کارلێکی و فرەپەنجەرەیی وێب و ئینتەرنێت لاسایی بکاتەوە .(Scolari, 2009) هایپەرتەلەفزیۆن بە چەند تایبەتمەندییەک دەناسرێتەوە:

- شاشەی فرەبەش :(Split Screen) پیشاندانی چەندین سەرچاوەی وێنە و زانیاری لە یەک کاتدا.
- تێکستی جوڵاو :(Tickers) شریتی هەواڵی بەردەوام لە خوارەوەی شاشە.
- پەنجەرەی دەرکەوتوو :(Pop-ups) گرافیک وزانیارێی زیادە کە لەناکاو لەسەر شاشە دەردەکەون.
- خێرایی و کورتکردنەوە :ڕێتمێکی خێرای مۆنتاژ و گواستنەوە لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی تر.

ئەم ستایلە وەڵامێکە بۆ ئەو بینەرەی کە ڕاهاتووە لەسەر وەرگرتنی زانیاری لە چەندین سەرچاوەوە لە یەک کاتدا (وەک کردنەوەی چەندین تاب لە وێبگەڕێکدا). کەناڵە کۆردییەکان، بەتایبەتی لە بواری هەواڵ و بەرنامە سیاسییەکاندا، زیاتر و زیاتر ئەم ستایلە بەکاردەهێنن. شاشەکان پڕن لە گرافیک، ژمارە، زانیارێی زیادە، کە هەوڵێکە بۆ ڕاگرتنی سەرنجی ئەو بینەرەی بە ئاسانی سەرنجی پەرش دەبێت.

هاوکات، چەمکی دابەشکردن ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت. دابەشکردن لێرەدا دوو واتای هەیە:

دابەشکردنی گێڕانەوە :(Narrative Fragmentation) گێڕانەوە دریژ و هێڵییەکان جێگەیان بە کورتە چیرۆک، کورتە ڤیدیۆ، و ساتە "قایرەڵەکان" داوە. بەرنامەیەکی یەک کاتژمێری چیتر وەک یەکەیەکی یەکگرتوو سەیر ناکرێت، بەڵکو وەک کۆمەڵێک سێگمێنتی کورت کە هەر یەکەیان دەتوانێت بە سەربەخۆیی لەسەر سۆشیاڵ میدیا بڵاوبکرێتەوە.

دابەشکردنی سەرنج :(Attention Fragmentation) خودی ئەزموونی بینین دابەش بووە. بینەر لە هەمان کاتدا سەیری تەلەفزیۆن دەکات و سەیری مۆبایلەکەشی دەکات، دیاردەیەک کە بە "شاشەی دووەم (Second Screen) " ناسراوە و

بووەتە تۆرمێکی باوی بەکارهێنانی میدیا .(Blake, 2016) تەلەفزیۆن لەم ژینگەیەدا ئاگادارانە کاردەکات؛ بۆیە هەوڵدەدات بە بەردەوامی هاندەری بینراوی نوێ و وروژێنەر بخاتە سەر شاشە بۆ ئەوەی سەرنجی بینەر "بدزێتەوە" لە مۆبایلەکەی. ئەم ستایلە نوێیە لەلایەن جۆن تی. کاڵدوێڵەوە بە "جوانیناسیی میدیای شیفتی دووەم " (second-shift media aesthetics) ناودەبرێت، کە تێیدا تەلەفزیۆن ستایلێکی پڕ لە جووڵە و گرافیک و زانیاریی خێرا بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی لە کێبڕکێی "ئابووریی سەرنج(attention economy) "دا براوە بێت.(Caldwell, 2003)

ئەم دوو دیاردەیە بە ڕوونی لە میدیای کوردیدا دەبینرێن. بەرنامەکان کورتتر بوونەتەوە، ڕێتمیان خێراتر بووە، زیاتر پشت بە ساتە وروژێنەر و دراماتیکییەکان دەبەستن کە هەڵی ڤایرەڵبوونیان هەیە. ئەمە نیشانەی گۆڕانێکی قووڵە لە فەلسەفەی بەرهەمهێناندا: لەبری دروستکردنی ناوەرۆک بۆ تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی سەرەکی، ناوەرۆک دروست دەکرێت بە شێوەیەک کە لە ئێکۆلۆژیای سۆشیاڵ میدیادا "سەرکەوتوو" بێت.

٣. دەرگاوان و ستاندارده پیشەییەکان: قەیرانی باوەڕپێکراوی

یەکێک لە گرنگترین و مەترسیدارترین لێکەوتەکانی پشتبەستن بە ناوەرۆکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، داکشانە لە ستانداردە پیشەیی و ئێتیکییەکانی کاری ڕۆژنامەوانی. تیۆری دەرگاوانی **(Gatekeeping Theory)** ، کە لەلایەن کورت لیوینەوە پەرەی پێدراوە، باس لەوە پرۆسەیە دەکات کە تێیدا هەواڵ و زانیارییەکان فلتەر دەکرێن پێش ئەوەی بگەنە جەماوەر .(Lewin, 1947) لە میدیای تەقلیدیدا، ڕۆژنامەنووسان، سەرنووسەران، بەڕێوەبەرانی هەواڵ ڕۆڵی دەرگاوانیان دەبینی. ئەوان لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ستانداردی پیشەیی (وەک گرنگیی هەواڵ، وردبینی، هاوسەنگی، کاریگەریی کۆمەڵایەتی) بڕیاریان دەدا کام هەواڵ بڵاوبکرێتەوە و چۆن داڕێژرێت.

بەڵام لە ئێکۆلۆژیای سۆشیاڵ میدیادا، ئەم دەرگاوانە تا ڕادەیەکی زۆر نەماون. هەر کەسێک دەتوانێت "هەواڵ" بڵاوبکاتەوە، ئەلگۆریتمەکان لەبری ستانداردە پیشەییەکان، لەسەر بنەمای وروژاندن (Sensationalism) و توانای کارلێککردن (Engagement potential) بڕیار دەدەن کام ناوەرۆک زیاتر ببینرێت. ئەمە ژینگەیەکی دروست کردووە کە تێیدا زانیاریی هەڵە (Misinformation) و زانیاریی چەواشەکارانە (Disinformation) بە ئاسانی بڵاودەبنەوە.

کاتێک کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان پشت بە ناوەرۆکی سۆشیاڵ میدیا دەبەستن، لە ڕاستیدا واز لە ڕۆڵی دەرگاوانیی خۆیان دەهێنن. فشاری خێرایی وایکردووە کە کەناڵەکان کاتی پێویستیان نەبێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە لە سۆشیاڵ میدیاوە وەریدەگرن. ئەم دیاردەیە چەندین لێکەوتەی مەترسیداری هەیە:

داکشانی باوەڕپێکراوی :(Erosion of Credibility) کاتێک بینەر هەست دەکات کە تەلەفزیۆن هەمان ئەو زانیارییە ناپشتڕاستکراوە بڵاودەکاتەوە کە لە فەیسبووک دەیبینێت، متمانەی بە کەناڵەکە وەک سەرچاوەیەکی جیاواز وباوەڕپێکراو نامێنێت.

ئاسایکردنەوەی ناوەرۆکی کەم کوالیتی : بە گواستنەوەی بەردەوامی ناوەرۆکی وروژێنەر و ڕووکەش، تەلەفزیۆن یارمەتیدەر دەبێت لە ئاسایکردنەوەی ئەم جۆرە ناوەرۆکە ودابەزاندنی ئاستی گشتیی گفتوگۆی گشتی.

لاوازبوونی ڕۆژنامەوانیی لێکۆڵینەوەیی :کات و سەرچاوەکان لەبری ئەوەی بۆ بەدواداچوونی قوواڵ و لێکۆڵینەوەی ورد تەرخان بکرێن، بۆ مۆنتەرکردن و دووبارە بڵاوکردنەوەی تریندەکانی سۆشیاڵ میدیا بەکاردەهێنرێن.

لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات کە میدیای کوردی بە شێوەیەکی تایبەت لەبەردەم ئەم مەترسییەدایە. بەهۆی لاوازیی دامەزراوە پیشەیی و یاساییەکان و هەژموونی بەهێزی سیاسییەوە، میکانیزمەکانی لێپرسینەوە و چاودێریی کوالیتی لاوازن. لەم دۆخەدا، پشتبەستن بە سۆشیاڵ میدیا دەتوانێت ببێتە هۆی داکشانێکی خێراتر لە ستانداردە پیشەییەکان و قووڵتربوونەوەی قەیرانی متمانە، کە ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕۆڵی دیموکراسیی میدیا لە کۆمەڵگەدا دەبێت.

٤. لایەنی کردەیی توژینەوە

یەکەم: هەنگاوە بەرایەکانی ئەنجامدانی لایەنی پراکتیکی

١- دەستنیشانکردنی ئامرازی کردەیی:

لایەنی کردەی بڕیتیە لە بەکارهێنانی ئامرازی چاوپێکەوتنی قوڵی نیمچە ڕێکخراو، ئەم ئامرازە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی ئاڵۆز (پەیوەندیی نێوان تەلەفزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان)، وا دەخوازێت کە ڕێبازێکی کوالێتیتەیتیڤ (چۆنایەتی) بەکاربهێنرێت. ڕێبازی کوالێتیتەیتیڤ، بە پێچەوانەی ڕێبازی چەندایەتیەوە، جەخت لەسەر تێگەیشتنی دیاردەکان دەکاتەوە لە چوارچێوەی سروشتیی خۆیاندا، لە ڕێگەی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای نائاماریەوە (Creswell and Poth, 2018).

ئەم ئامرازە توانای ئەوە بە توێژەر دەبەخشێت کە لە ئەزموون و تێڕوانینە وردەکانی بەشداربووان بکۆڵێتەوە، کە بۆ ئەم بابەتە زۆر گرنگە چونکە تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی میدیا تەنها لە ڕێگەی ژمارە و ئامارەوە بەدەست نایەت، بەڵکو پێویستی بە لێکدانەوەی ئەزموونی پسپۆڕان و شارەزایانی بوارەکە هەیە.

ئەم بەشە بە وردی باس لە دیزاینی توێژینەوە، ستراتیژیی هەڵبژاردنی نموونە، شێوازی کۆکردنەوەی داتا، میتۆدی شیکاریی داتا، ڕەچاوکردنی لایەنە ئیتیکییەکان و میکانیزمەکانی دڵنیابوون لە پتەویی زانستیی توێژینەوەکە دەکات.

٢ .دیزاینی فۆرمی چاوپێکەوتن

دیزاینی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە – میتۆدی لێکدانەوەیی شیکاری چۆنایەتی (Interpretive Design). (Qualitative Analytical- ئەم دیزاینە هەڵبژێردراوە چونکە ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە تەنها وەسفکردنی دیاردەکە نییە، بەڵکو لێکدانەوەی ئەو میکانیزم و هۆکارانەیە کە لە پشت پەیوەندیی نێوان تەلەفزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوەن..

ئەم دیزاینە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی دیاردەناسی Phenomenological) (Inquiryدامەزراوە، کە جەخت لەسەر تێگەیشتن لە ئەزموونی ژیریی تاکەکان دەکاتەوە سەبارەت بە دیاردەیەکی دیاریکراو .(Moustakas, 1994) لێرەدا، "دیاردەکە" بریتییە لە ئەزموون و تێڕوانینی پسپۆڕانی میدیا سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی کاری تەلەفزیۆنی لەژێر کاریگەریی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان. بەکارهێنانی ئەم ڕێبازە ڕێگە بە توێژەر دەدات کە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی قوواڵەوە، بچێتە ناو جیهانی ئەزموونیی بەشداربووانەوە و لە ماناکانی پشت دیاردەکە بکۆڵێتەوە.

٣- دەرهێنانی ڕاستی فۆرمی چاوپێکەوتن

پاش پێکهێنانی فۆرمی چاوپێکەوتن بۆ دەستەبژێران کە پێکهاتوون لە توێژەرانی میدیا و مامۆستایانی زانکۆ، بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاستیی ڕۆاڵەتی فۆرمەکە، توێژەر بۆ دەستکەوتنی پێوەری ڕاستی فۆرمەکە، ڕادەستی (9) پسپۆری هەڵسەنگێنەر کردووە لە بوارەکانی (ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی). پاش وەرگرتنی ڕاوبۆچوون و پێشنیازەکانیان، سەرلەنوێ فۆرمەکە دارێژراوەتەوە، لە ئەنجامدا گۆڕانکاریی زیادکردن، تێکەڵکردن و لابردنی لە بڕگەکانی فۆرمەکەدا کراون. لە ڕێگەی بەکارهێنانی (پێوەری ڕاستیی ڕواڵەت)یەوە ڕادەی پەسەندکراو دەرهێنراوە.

ا. جێگیریی باوەڕپێکراو/ هاوبەکی (Reliability or consistency):

بۆ بەدەستهێنانی جێگیریی باوەڕپێکراو توێژەر هاوکۆلکەی (Cronbach's Alfa)ی بۆ فۆرمی چاوپێکەوتنی قوڵ بەکارهێناوە، کە تایبەت بە چاوپێکەوتنی دەستەبژێران. لە کۆی سەرجەم بڕگەکان، کە دابەشکراون بە سەر (5) تەوەری جیادا و (22) بڕگە لە خۆدەگرێت، ڕێژەی (90.86) بەدەستهێنا، ئەمە پاش ئەوەی لە ڕێگەی ئایکۆنی (Cronbach's Alpha if Item Deleted)ەوە چەند بڕگەیەک لە فۆرمی چاوپێکەوتنەکە هەڵوەشێنرانەوە، توێژەریش بە باشی زانی لایانبەرێت بەهۆی ئەوەی زیاتر لە هەڵسەنگێنەرێک هێنای لابردنیان بۆ کردووە، بۆیە لەناو چارەسەرییە ئاماریییەکاندا فەرامۆشی کردووە. وەک لە خشتەی ژمارە (١)دا خراوەتەڕوو:

خشتەی (١)

تاقیکردنەوەی (Cronbach's Alpha) بۆ خستنەڕووی جێگیریی باوەڕپێکراو

سامپڵ	ژ.سامپڵ	ژ.بڕگە	Cronbach's Alpha
دەستە بژێران	9	22	90

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە مامۆستایانی بواری میدیان لە هەرێمی کوردستاندا. وەک مشتە توێژەر پەنای بردوەتەبەر مشتەیەکی نا هەڕەمەکی مەبەستدار و (Purposive Sampling) بەکارهێناوە. ئەم جۆرە مشتەیە لە توێژینەوەی کۆالیتیدا باوە و تێیدا توێژەر بە مەبەست ئەو کەسانە هەڵدەبژێرێت کە خاوەنی زۆرترین زانیاری و ئەزموونی پەیوەندیدارن بە پرسیاری توێژینەوەکەوە .(Patton, 2015) ئامانج لەم ستراتیژییە گشتاندنی ئاماری نییە، بەڵکو گەیشتنە بە تێگەیشتنێکی قوڵ و هەمەلایەنە لە دیاردەکە.

ب. پێوەرەکانی هەڵبژاردن

بۆ ئەم توێژینەوەیە، مامۆستایانی زانکۆ و توێژەران لە بواری میدیا، گەیاندن، و ڕۆژنامەوانی، کە خاوەنی بڵاوکراوەی زانستی و تێڕوانینی تیۆرین لە دۆخی میدیای کوردیدا هەڵبژێردراون.

ج. پاساوەکانی هەڵبژاردنی قەبارەی مشتە

قەبارەی مشتە بڕیتی بوو لە ١١ پسپۆڕی میدیایی .لە توێژینەوەی کۆالیتیدا، قەبارەی نموونە بە پێوەری تێڕبوونی تیۆری (Theoretical Saturation)یان تێڕبوونی داتا (Data Saturation) دیاری دەکرێت (Glaser and Strauss, 1967). ئەمەش بەو مانایەیە کە پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی چاوپێکەوتنە نوێیەکان چیتر زانیاریی نوێ و گرنگ یان تێمی نوێ بۆ توێژینەوەکە زیاد ناکەن. لەم توێژینەوەیەدا، دوای ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی نۆیەم و دەیەم، تێبینیکرا کە مژار و بۆچوونەکان دەستیان بە دووبارەبوونەوە کردووەتەوە، چاوپێکەوتنی یازدەیەمیش ئەم تێڕبوونەی پشتڕاستکردەوە. بۆیە، بڕیاردرا کە قەبارەی ١١ چاوپێکەوتن گونجاوە بۆ بەدەستهێنانی داتایەکی دەوڵەمەند و گەیشتن بە تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە.

٤ .شێوازی کۆکردنەوەی داتا

ئامرازی سەرەکیی کۆکردنەوەی داتا لەم توێژینەوەیەدا بریتی بوو لە چاوپێکەوتنی قوڵی نیمچەڕێکخراو .(Semi-structured In-depth Interview). ئەم شێوازە هەڵبژێردرا چونکە هاوسەنگییەکی باش لە نێوان ڕێکخستن و نەرمیدا دروست دەکات (Kvale and Brinkmann, 2015).

ڕێبەری چاوپێکەوتن : پێش ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان، ڕێبەرێکی چاوپێکەوتن ئامادەکرا کە کۆمەڵێک پرسیاری کراوەی لەخۆگرتبوو. ئەم پرسیارانە لەسەر بنەمای پرسیار و ئامانجەکانی توێژینەوە و پێداچوونەوەی ئەدەبیات دارێژرابوون. ڕێبەرەکە بەسەر چەند تەوەرێکی سەرەکیدا دابەشکرابوو (وەک: دۆخی گشتیی میدیا، کاریگەریی تەکنەلۆژیا، گۆڕانکاری لە ناوەڕۆک تەلەفزیۆن، شێوازەکانی پشتبەستن بە سۆشیاڵ میدیا، لێکەوتە پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکان)، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو لایەنە گرنگەکانی بابەتەکە لەگەڵ هەموو بەشدارباوواندا باس دەکرێن.

پرۆسەی ئەنجامدان : چاوپێکەوتنەکان لە نێوان مانگی تەمموز و ئابی ٢٠٢٥ ئەنجامدران. بەپێی بارودۆخی بەشداربووان، زۆربەی چاوپێکەوتنەکان بە شێوەی ڕووبەڕوو و هەندێکی تریان لە ڕێگەی پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکانەوە ئەنجامدران. ماوەی هەر چاوپێکەوتنێک لە نێوان ٤٥ بۆ ٧٥ خولەکدا بوو. پێش دەستپێکردن، مۆڵەتی فەرمی لە هەموو بەشداربووان وەرگیرا بۆ تۆمارکردنی دەنگی چاوپێکەوتنەکان بە ئامانجی وردبینی لە کاتی شیکارییدا.

٥ .شیکاریی داتای چاوپێکەوتنەکان

بۆ شیکردنەوەی داتا کۆکراوەکان لە چاوپێکەوتنەکان، پەنا براوەتە بەر مژاری شیکاری ئیندەکتیف (ئستیقرائی) (Inductive Thematic Analysis) ، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن ڤیرجینیا براون و ڤیکتۆریا کلارکەوە پەرەی پێدراوە، ڕێبازێکی سیستماتیک و نەرمە بۆ دەستنیشانکردن، شیکردنەوەی داتاکان، بەشێوەی ("لە خوارەوە بۆ سەرەوە") بەو مانایەیە کە مژارەکان ڕاستەوخۆ لە داتاکانەوە هەڵدەهێنجرێن، نەک لەسەر بنەمای تیۆرییەکی پێشوەختە.

پرۆسەی شیکارییەکە بەپێی ئەم شەش قۆناغەکەی بەرێوەچوو (Braun and Clarke, 2006) :

ئاشنابوون بە داتا :(Familiarization with the data) یەکەم هەنگاو بریتی بوو لە نووسینەوەی وردی (Transcription) هەموو چاوپێکەوتنە تۆمارکراوەکان. پاشان، توێژەر چەندین جار هەموو دەقەکانی خوێندەوە بۆ ئەوەی بە تەواوی لە ناوەڕۆک و وردەکارییەکان تێبگات و تێبینییە سەرەتاییەکانی تۆمار بکات.

دروستکردنی کۆدی سەرەتایی :(Generating initial codes) لەم قۆناغەدا، دەقەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک کۆدکران. کۆدکردن بریتی بوو لە دانانی ناونیشانێکی کورت (کۆد) بۆ هەر بەشێکی گرنگی داتاکە کە پەیوەندی بە پرسیاری توێژینەوەکەوە

هەبوو. ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی کراوە ئەنجامدرا و هەموو لایەنێکی گرنگی داتاکە کۆدی بۆ دانرا.

گەڕان بەدوای مژارەکاندا :(Searching for themes) دوای کۆدکردنی هەموو داتاکە، کۆدە پەیوەندیدارەکان پۆلێنکران و لەژێر مژاری سەرەتایی (Potential themes)دا کۆکرانەوە. لەم قۆناغەدا، نەخشەیەکی تیمی سەرەتایی دروستکرا بۆ پیشاندانی پەیوەندیی نێوان کۆدەکان ومژارەکان.

پێداچوونەوە بە مژارەکان :(Reviewing themes) مژارە سەرەتاییەکان لە دوو ئاستدا پێداچوونەوەیان بۆ کرا. یەکەم، لە ئاستی کۆدەکاندا، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو کۆدەکانی ژێر هەر مژارێک بە شێوەیەکی لۆژیکی پێکەوە دەگونجێن. دووەم، لە ئاستی تەواوی داتاکەدا، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە نەخشە مژارییەکان بە وردی ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی گشتیی داتاکەیە. لەم قۆناغەدا هەندێک تیم لێکدران، هەندێکیان کران بە دوو بەشەوە، هەندێکی تریش سڕدرانەوە.

پێناسەکردن و ناونانی مژارەکان :(Defining and naming themes) دوای کۆتاییهاتنی پێداچوونەوە، هەر مژارێک پێناسەیەکی ورد و ڕوونی بۆ کرا. پێناسەکە بریتی بوو لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی سەرەکیی مژارەکە، پەیوەندیی بە تیمەکانی ترەوە، ئەو چیرۆکەی کە لەبارەی داتاکەوە دەیگێڕێتەوە. هەروەها، ناوێکی گونجاو و کورت بۆ هەر تیمێک دیاریکرا.

ئامادەکردنی ڕاپۆرت :(Producing the report) قۆناغی کۆتایی بریتی بوو لە نووسینەوەی شیکارییەکان. لەم قۆناغەدا، نموونەی وەرگیراو (Quote) لە چاوپێکەوتنەکان بەکارهێنرا بۆ پشتڕاستکردنەوە و ڕوونکردنەوەی مژارەکان، شیکارییەکان بە شێوەیەکی لۆژیکی و گێڕانەوەیی بە چوارچێوە تیۆرییەکەوە بەسترانەوە.

٦ .ڕەچاوکردنی لایەنە ئیتیکییەکان

لە هەموو قۆناغەکانی توێژینەوەکەدا، ڕەچاوی بنەما ئیتیکییەکانی توێژینەوەی زانستی کراوە. ڕەزامەندیی ئاگاهانە :(Informed Consent) پێش ئەنجامدانی هەر چاوپێکەوتنێک، فۆرمێکی ڕەزامەندیی ئاگاهانە بە هەموو بەشداربووان درا. فۆرمەکە بە ڕوونی ئامانجی توێژینەوە، شێوازی بەکارهێنانی داتاکان، مافی بەشداربوو بۆ کشانەوە لە هەر کاتێکدا، دڵنیایی لە پاراستنی نهێنیی زانیارییەکانی ڕوونکردبووەوە. هەموو بەشداربووان بە ئارەزوومەندانە فۆرمەکەیان واژۆ کرد.

٧ .توندی پتەویی و باوەڕپێکراویی توێژینەوە

بۆ دڵنیابوون لە پتەویی زانستی و باوەڕپێکراویی توێژینەوەی کوالیتیتەیتیف (چەندایەتی)، چوارچێوەکەی لینکن و گوبا (Lincoln and Guba, 1985) بۆ باوەڕپێکراوی (Trustworthiness) بەکارهێناوە، کە چوار پێوەری سەرەکی لەخۆدەگرێت:

ڕاستەقینەیی :(Credibility) بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دەرەنجامەکان ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی تێڕوانینی بەشداربووانن، چەندین تەکنیک بەکارهێنران، لەوانە مانەوەی درێژخایەن لەگەڵ داتادا(Prolonged engagement) ، کە بریتی بوو لە خوێندنەوەی چەندبارەی دەقەکان.

گواستنەوەیی :(Transferability) لەبری گشتاندنی ئاماری، توێژینەوەی کوالیتیتەیتیف هەوڵی گواستنەوەیی دەدات. بۆ ئەم مەبەستە، وەسفێکی چڕ (Thick description)بۆ دۆخی توێژینەوەکە، پرۆسەی کۆکردنەوە و شیکاریی داتا، خودی دەرەنجامەکان دابینکراوە، بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێت بڕیار بدات کە ئایا دەرەنجامەکان بۆ دۆخێکی تر گونجاون یان نا.

پشتبەستوویی (Dependability) و پشتڕاستکردنەوەیی :(Confirmability) ئەم دوو پێوەرە لە ڕێگەی دروستکردنی شوێنپێی و ردبینی(Audit trail) ـەوە بەدەستهێنراون. بە دابینکردنی ئەم بەشە میتۆدۆلۆژییە وردە، کە هەموو هەنگاوەکانی توێژینەوەکە بە ڕوونی باس دەکات، توێژەرێکی تر دەتوانێت بە هەمان ڕێچکەدا بڕوات و بگاتە دەرەنجامی هاوشێوە، کە ئەمەش پشتبەستوویی و بابەتیبوونی توێژینەوەکە پشتڕاست دەکاتەوە.

دووەم

١. هەڵاوێرکردنی داتای چاوپێکەوتنەکان

خستنەڕوی وردی داتای کۆکراوە لە یازدە چاوپێکەوتنە قوونڵەکە لەگەڵ پسپۆڕانی بواری میدیا لە هەرێمی کوردستان، بووە هۆی دەرکەوتنی پێنج مژاری سەرەکیی گشتگیر کە ڕەهەندە جیاوازەکانی پەیوەندیی نێوان کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان دەخستەڕوو. ئەم مژارانە، کە لە ڕێگەی میتۆدی شیکاریی مژاری ئینداکتیڤەوە هەڵهێنجراون، وێنەیەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندی دۆخی ئێستای میدیای کوردی نمایش دەکەن. هەر مژارێک لەم بەشەدا بە وردی شیدەکرێتەوە و بە نموونەی وەرگیراو لە چاوپێکەوتنەکان (Quote) پشتگیری دەکرێت، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی قوونڵ و ڕەسەن لە دیدگای پسپۆڕانەوە بەدەست بهێنرێت.

ساڵانی ئەزموون (نزیکەیی)	پسپۆڕی	کۆدی بەشداربوو
+٢٠	میدیای نوێ و تیۆری میدیا	P1
+٢٥	یاسا و ئیتیکی ڕاگەیاندن	P2
+١٥	تەکنیکی میدیا و بەرهەمهێنان	P3
+٢٠	بەرهەمهێنانی و تەلەفزیۆنی ڕۆژنامەوانی	P4
+١٥	ئابووری میدیا و میدیای نوێ	P5
+٢٠	یاسا و ئیتیکی ڕاگەیاندن	P6
+١٥	ئابووری میدیا و میدیای نوێ	P7
+٢٠	تەکنەلۆژیای میدیا	P8
+١٥	ڕۆژنامەوانی و میدیای نوێ	P9
+١٠	میدیای نوێ و بەرهەمهێنان	P10
+١٥	ڕۆژنامەوانی و میدیای نوێ	P11

مژاری یەکەم: بەئاگابوون لە تایبەتمەندیەکانی ناوەڕۆکی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا:

دەرکەوتنی هەر جۆرە سیمایەکی میدیایی لە نێو ژینگەی کارکردندا پەیوەستە بە تایبەتمەندیەکانی ناوەڕۆکی میدیاکان، بە واتایەکی تر یانی ناتوانین ڕاڤەکاری بۆ هەر دیاردەیەکی میدیای بکەین تا لە خەسڵەتە گشتیەکانی تایبەتمەندیەکانی ژینگەی میدیایی نەکەین.

لەسەر ئەم بنەمایە تایبەتمەندیەکانی ناوەڕۆکی میدیایی پەیوەستە بە کات و شوێنەوە واتە بەگوێرەی کات و شوێن تایبەتمەندی ناوەڕۆکی میدیای دەگۆڕێ بە پێی ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان دایە ناکرێ قسە لەسەر ئاستی پشتبەستنی تەلەفزیۆن بە ناوەڕۆکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بکەین تا تایبەتمەندییەکانی ناوەڕۆکی میدیایی لە هەرێمی کوردستان ڕاڤە نەکەین، خستنەڕووی ئەم تایبەتمەندیانە

لە ڕێگەی ئەم بڕگانە خراونەتەڕوو.

١. قەیرانی متمانە و هەژموونی سیاسی

یەکێک لە دەرکەوتە هەرە بنەڕەتی و دووبارەبووەکانی ناو چاوپێکەوتنەکان، دانیشتوانان بوو بە بوونی قەیرانێکی قوواڵی متمانە لەنێوان جەماوەر و میدیای تەقلیدیدا، کە ڕەگ و ڕیشەکەی بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ هەژموونی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بەسەر دیمەنی میدیایی هەرێمی کوردستاندا. ئەم تێمە لە سێ ژێر-تێمی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە: دابەشبوونی سیاسی، لاوازبوونی متمانەی گشتی، نەبوونی میدیایەکی نیشتمانیی سەربەخۆ.

٢. دابەشبوونی سیاسی و ئایدیۆلۆژی:

زۆرینەی ڕەهای بەشداربووان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە دیمەنی میدیایی لە کوردستان بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەژێر هەژموونی سیاسی و ئایدیۆلۆژیدایە. ئەم فاکتەرە ناوخۆییە وایکردووە کە میدیای کوردی لە بنەڕەتدا بەشێک لە کارەکانی (وەک چاودێریی دەسەڵات و گەیاندنی دەنگی گشتی) فەرامۆش بکات. ئەم دیدە بە ڕوونی لە قسەکانی بەشداربووی (P1) دا دەردەکەوێت، کە دەڵێ:

"میدیا لە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی هەموو کەرت و سێکتەرەکانی دیکە میدیایەکی دابەش بووە بەسەر حیزبەکاندا، واتە بە جۆرێک لە جۆرەکان میدیا میدیایەکی پڕۆپاگەندەییە... ئەمەش وایکردووە کە میدیا لە کوردستان ڕاستە لە ڕووی تەکنیکییەوە ڕەنگە پێشکەوتنێکی بەرچاوی هەبێت، بەڵام بە شێوە گشتییەکەی وەک ئەوەی کە لە پێناسە کۆنەکاندا بە دەسەڵاتی چوارەم ناودەبرێت، ڕەنگە نەیتوانیبێت هەستایێت بەم ئەرکەی خۆی".

سەبارەت بەو دۆخە بووەتە هۆی ئەوەی کە ناوەڕۆکی میدیایی زیاتر ڕەنگدانەوەی مڵملانێی سیاسی بێت تا ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵگە. بەشداربووی (P4) جەختی لەوە کردەوە کە:

"ئێمە میدیای حکومیان نییە یان زۆر زۆر لاوازە... نەیتوانیوە ڕۆڵی ئەوتۆی هەبێت، تەنها وەک وەسیلەیەک بەکارهاتووە بۆ خستنەڕووی پڕۆژە و چالاکییەکانی حکومەت".

٣. لاوازبوونی متمانەی جەماوەر:

دەرەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەم هەژموونە سیاسییە، داکشانێکی بەرچاوە لە متمانەی جەماوەر بە میدیای تەقلیدی. کاتێک وەرگر هەست دەکات کە زۆربەی کەناڵەکان ئەجێندایەکی سیاسیی دیاریکراویان هەیە، گومان لە بابەتیبوون و بێلایەنیی زانیارییەکان دەکات. ئەم بۆشاییەی متمانە، زەمینەیەکی لەبار بۆ سۆشیاڵ میدیا ڕەخساندووە کە وەک سەرچاوەیەکی بەدیل و "ڕاستگۆتر" دەریکەوێت، هەرچەندە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێگەی پرسیارە. بەشداربووی (P6) ئەم دیاردەیە بەم شێوەیە شیدەکاتەوە:

"خەڵک متمانەی بە میدیا زۆر زۆر کەم بووەتەوە، بەداخەوە میدیا خۆشی هۆکارە... کاتێک بینەر هەست دەکات تەلەفزیۆن هەمان ئەو زانیارییە ناپشتڕاستکراوە بڵاودەکاتەوە کە لە فەیسبووک دەیبینێت، متمانەی بە کەناڵەکە وەک سەرچاوەیەکی جیاواز و باوەڕپێکراو نامێنێت".

٤. نەبوونی میدیای نیشتمانیی بێلایەن:

یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئەم قەیرانە، نەبوونی یان لاوازیی میدیایەکی نیشتمانیی سەربەخۆیە کە بتوانێت وەک دەنگێکی یەکگرتوو و بێلایەن کار بکات. زۆربەی ئەو میدیایانەی کە هەن یان ڕاستەوخۆ حیزبین یان لەلایەن سەرمایەداری نزیک لە حیزبەوە خاوەندارێتی دەکرێن. ئەمەش وایکردووە کە چەمکی "خزمەتگوزاریی گشتی" لە کاری میدیاییدا تا ڕادەیەکی زۆر پشتگوێ بخرێت. بەشداربووی (P2) ئاماژەی بەوەدا:

"میدیای کوردی لە ئێستادا زۆر لاوازە لە گوزارشتکردن لە واقعی کۆمەڵگەی کوردیدا، لەبەر چەند هۆکارێک: هەژموونی گوتاری حیزبی، لاوازیی ڕوومالکردنی هەمەلایەنە و دواکەوتنی خۆگونجاندن لەگەڵ ژانرە نوێیەکان".

ئەم قەیرانە بنەڕەتییەی متمانە و هەژموونی سیاسی، زەمینەی سەرەکیی کێشەکەیە. لەم ژینگە پڕ لە گومانەدا، تەلەفزیۆنەکان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەر و مانەوە لە کێبڕکێدا، ناچار دەبن پەنا بۆ ناوەڕۆکی وروژێنەر و بەربڵاوی سۆشیاڵ میدیا ببەن، کە ئەمەش کێشەکان قوڵتر دەکاتەوە.

مژاری دووەم: بەئاگابوون لە هەژموونی فراوانی سۆشیاڵ میدیا وەک سەرچاوە و مۆدێل

سەرجەم بەشداربووان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دیاردەیەکی لاوەکییەوە بوونەتە هێزێکی ناوەندی و هەژموودار لەناو ئیکۆلۆژیای میدیاییدا. کاریگەریی سۆشیاڵ میدیا تەنها لە ئاستی گواستنەوەی زانیاریدا نییە، بەڵکو بووەتە سەرچاوەی سەرەکیی ئیلهام و لاسایکردنەوە بۆ تەلەفزیۆن، چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بێت یان فۆرم.

١. سۆشیاڵ میدیا وەک سەرچاوەی سەرەکیی هەواڵ و بابەت:

یەکێک لە ڕوونترین ڕەنگدانەوەکانی ئەم هەژموونە، گۆڕانی تەلەفزیۆنە لە بەرهەمهێنەری ناوەڕۆکەوە بۆ بەکارهێنەر و دووبارە بڵاوکەرەوەی ناوەڕۆکی سۆشیاڵ میدیا. کەناڵەکان بە شێوەیەکی بەردەوام چاودێری پلاتفۆرمەکان دەکەن بۆ دۆزینەوەی هەواڵی بەپەلە، چیرۆکی مرۆیی، ئەو بابەتانەی کە "تڕێند"ن. بەشداربووی (P1) دەڵێت:

"قۆناغی سێیەم بە دوای سۆشیاڵ میدیادا، زیرەکیی دەستکرد هاتە کایەوە... ئێستا ئامێرەکان ڕۆڵیان هەیە لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیاییدا، ئەمەش زۆرئاڵنگاریی دروست کردووە".

ئەم پشتبەستنە تەنها لەبەر خێرایی نییە، بەڵکو لەبەر تێچووی کەمیشە. گرتە ڤیدیۆییەکانی " ڕۆژنامەنووسی هاووڵاتیی" بوونەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ ڕوومالکردنی ڕووداوەکان، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە تیمی هەواڵی کەناڵەکان ئامادە نین. بەشداربووی (P7) ئاماژەی پێدەدا:

"پشت بەستن بە پارچە ڤیدیۆی کورت (Viral clips) وەک سەرچاوەی هەواڵ، بووەتە هۆی پاشەکشەی ڕەگەزی بێلایەنی".

٢. لاسایکردنەوەی فۆرمات و ستایلی ناوەڕۆک:

کاریگەریی سۆشیاڵ میدیا لەوە قوواڵترە کە تەنها سەرچاوەی ناوەڕۆک بێت؛ بەڵکو بووەتە مۆدێلێک کە فۆرم و ستایلی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانیش دادەڕێژێتەوە. بۆ ئەوەی لەگەڵ چێژ و خوی بینەری نوێدا بگونجێن، کە ڕاهاتوون لەسەر ناوەڕۆکی خێرا و کورتی پلاتفۆرمەکانی وەک TikTok وInstagram ، کەناڵەکان پەنا بۆ ئەم گۆڕانکارییانە دەبەن:

- کورتکردنەوەی ماوە : بەرنامە و ڕاپۆرتە درێژەکان کەمبوونەتەوە و جێگەیان بە کورتە ڤیدیۆی چەند خولەکی داوە.

- خێرایی ڕێتم : مۆنتاژی خێرا، گواستنەوەی بەپەلە لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی تر، بەکارهێنانی بەردەوامی گرافیک بووەتە ستایلی باو.
- بایەخدان بە قیدیۆی ستوونی : وەک لە چاوپێکەوتنی(P10) دا باسکرا، ئێستا لە کاتی بەرهەمهێناندا بیر لەوە دەکرێتەوە کە چۆن ناوەڕۆکەکە لەسەر شاشەی مۆبایل دەردەکەوێت.

بەشداربووی (P9) ئەم دیاردەیە بەم شێوەیە پوخت دەکاتەوە: "زۆرێک لە بەرنامەکان ئێستا وا دیزاین دەکرێن کە بینە کلیپی کورت بۆ بڵاوکردنەوە لە تیکتۆک و ئینستاگرام، نەک وەک بەرنامەیەکی سەربەخۆ بۆ تەلەفزیۆن." ئەمە گۆڕانێکی بنەڕەتییە لە فەلسەفەی بەرهەمهێناندا، کە تێیدا سەرکەوتن لەسەر پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەبێتە پێوەری سەرەکی بۆ سەرکەوتنی ناوەڕۆکی تەلەفزیۆنی.

مژاری سێیەم: دۆخی ستاندارد پیشەیی و ئیتیکییەکان لە سایەی بەرپەککەوتنی ناوەرۆکەکانی تەلەفزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

یەکێک لە دەرەنجامە هەرە نیگەرانکەرەکانی ئەم گۆڕانکارییە، داکشانە لە ستاندارد پیشەیی و ئیتیکییەکانی کاری ڕۆژنامەوانیدا. کێبڕکێی بەردەوام بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەر وایکردووە کە زۆرجار بنەما سەرەکییەکانی کاری ڕۆژنامەوانی بکرێنە قوربانی.

١. قوربانیکردنی وردبینی لەپێناو خێرایی:

لە ژینگەی میدیایی ئەمڕۆدا، "یەکەمبوون" زۆرجار گرنگترە لە "ڕاستبوون". فشاری بڵاوکردنەوەی خێرای هەواڵ وایکردووە کە کەناڵەکان کاتی پێویستیان نەبێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان .(Fact-checking) بەشداربووی (P5) دەڵێت:

"لە ڕووی مسداقییەت و متمانەوە، کەمتر مسداقییەت و متمانە هەیە چونکە سەرچاوەکان کەمتر ڕۆژنامەنووس لێکۆڵینەوە دەکات بەڵکو کۆی دەکاتەوە لە سەرچاوەکانی تر".

ئەم دیاردەیە بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی هەواڵی ناڕاست و ڕوپاگەندە، کە زیانێکی گەورە بە متمانەی گشتی دەگەیەنێت.

٢. بڵاوبوونەوەی زانیاری هەڵە و هەواڵی ساختە:(Fake News)

بەهۆی لاوازبوونی ڕۆڵی دەرگاوانییەوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ژینگەیەکی لەبار بۆ بڵاوبوونەوەی هەواڵی ساختە. کاتێک تەلەفزیۆنەکان بەبێ فلتەرکردن پشت بەم سەرچاوانە دەبەستن، دەبنە بەشێک لەم کێشەیە. بەشداربووی (P7) بە ڕاشکاوی ئاماژەی پێدا:

"فەیک نیوز جێی خۆی کردۆتەوە لە هەواڵنامەکاندا، بە تایبەتی لە سەردەمی زیرەکیی دەستکرددا ئەم ڕۆسەیە قوواڵتر بووەتەوە".

٣. لاوازبوونی ڕۆڵی دەرگاوانیی:(Gatekeeping)

ئەو ڕۆسەیەی کە پێشتر لەلایەن سەرنووسەرانەوە بۆ هەڵبژاردن و داڕشتنی هەواڵەکان ئەنجام دەدرا، ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر لەلایەن تریند و ئەلگۆریتمەکانی سۆشیاڵ میدیاوە ئاراستە دەکرێت. بابەتی وروژێنەر و ڕۆ لە کارلێک، تەنانەت ئەگەر گرنگیی ستراتیژیی نەبێت، زۆرجار جێگەی بابەتە گرنگ و قوواڵەکان دەگرێتەوە. بەشداربووی (P6) وتی:

"ئێستا خێرایی لەسەر حیسابی و ردبینی دێت... ئەو ڕۆڵی دەرگاوانییەی کە پێشتر هەبوو، زۆر لاواز بووە".

ئەم داکشانە لە ستانداردەکان تەنها کێشەیەکی پیشەیی نییە، بەڵکو مەترسییەکی جیددییە بۆ سەر کوالیتیی گفتوگۆی گشتی و توانای هاوڵاتیان بۆ بڕیاردانی ئاگاهانە.

مژاری چوارەم: پەنابردن بۆ ناوەڕۆکی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان وەک ستراتیژیی تەلەفزیۆن بۆ خۆگونجاندن و مانەوە

لەگەڵ هەموو ئەو ئالنگارییانەدا، تەلەفزیۆنەکان دانیشتوون و چاوەڕێی چارەنووسی خۆیان ناکەن، بەڵکو بە شێوەیەکی چالاکانە لە هەوڵی خۆگونجاندنداندان. ئەم ستراتیژییانە لە چەندین ئاستدا دەبینرێن:

١. بەکارهێنانی پلاتفۆرمە نوێیەکان:

- زۆربەی کەناڵە تەلەفزیۆنییە گەورەییەکان ئێستا ئامادەییەکی بەهێزیان لەسەر پلاتفۆرمە سەرەکییەکانی سۆشیاڵ میدیا هەیە (وەک فەیسبووک، یوتیوب، ئینستاگرام و تیکتۆک). ئەوان ئەم پلاتفۆرمانە بەکاردەهێنن بۆ:
- بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی زیادە : وەک کورتە کلیپ، دیمەنی پشت کامێرا، چاوپێکەوتنی تایبەت.
- ڕاکێشانی بینەر بۆ پەخشی سەرەکی :بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا وەک ئامرازێکی بانگەشە بۆ بەرنامە سەرەکییەکانیان.
- دروستکردنی کۆمەڵگەی ئۆنلاین : دروستکردنی گرووپ و پەیج بۆ بینەرەکانیان بۆ زیادکردنی پەیوەندی و وەفاداری.

بەشداربووی (P10) ئەم ستراتیژییە بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە:

"کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ناچارن ناوەڕۆکێکی خێرا و سەرنجڕاکێش پێشکەش بکەن بە مەبەستی دڵنیابوون لە بەردەوامیی بینەران... ئەمەش بووەتە هۆی دابەزینی وردبینی و کوالیتی".

٢. کارلێککردن لەگەڵ بینەر:

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی سۆشیاڵ میدیا، توانای کارلێککردنی ڕاستەوخۆیە. تەلەفزیۆنەکان هەوڵدەدەن ئەم تایبەتمەندییە بگوازنەوە ناو بەرنامەکانیان لە ڕێگەی:

- بەکارهێنانی ڕاپرسی و پرسیاری ئۆنلاین :داوا لە بینەران دەکەن لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە بەشداری لە ڕاپرسییەکاندا بکەن.
- پیشاندانی کۆمێنتی بینەران :پیشاندانی کۆمێنتی بینەران لەسەر شاشە لە کاتی پەخشی ڕاستەوخۆدا.
- بەکارهێنانی هاشتاگ :دروستکردنی هاشتاگی تایبەت بۆ بەرنامەکان بۆ هاندانی گفتوگۆ لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

٣. گۆڕینی فۆرماتی بەرنامەکان:

وەک لە مژاری دووەمدا ئاماژەی پێکرا، فۆرماتەکان بە شێوەیەک دەگۆڕدرێن کە زیاتر لەگەڵ سروشتی سۆشیاڵ میدیادا بگونجێن. ئەمە بریتییە لە دروستکردنی بەرنامەی کورتتر، دابەشکردنی بەرنامە درێژەکان بۆ چەندین بەشی کورت، بایەخدان بەو ناوەڕۆکانەی کە هەڵی "شەیرکردن"یان هەیە. ئەم ستراتیژییانە، هەرچەندە بۆ مانەوەی کەناڵەکان گرنگن، بەڵام لە هەمان کاتدا مەترسیی ئەوەیان هەیە کە ناسنامەی

بنەڕەتیی تەلەفزیۆن بگۆڕن و بیکەنە پاشکۆیەکی سۆشیاڵ میدیا.

مژاری پێنجەم: پاڵنەر و میکانیزمەکانی ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکاندا

پشتبەستنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بە ناوەڕۆکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا دیاردەیەکی ڕووکەش نییە، بەڵکو لە چەندین پاڵنەری پیشەیی، ئابووری و تەکنیکییەوە سەرچاوە دەگرێت کە میکانیزمی کارکردنی زووری هەواڵ و ستۆدیۆکانی گۆڕیوە. شیکردنەوەی چاوپێکەوتنەکان دەریدەخات کە ئەم پشتبەستنە لە چەندین ئاست و بۆ چەندین مەبەستی جیاواز ڕوودەدات. یەکێک لە پاڵنەرە هەرە سەرەکییەکان بریتییە لە خێرایی و کتوپڕی . لە کاتی ڕووداوە لەناکاوەکاندا، وەک خۆپیشاندان، کارەساتی سروشتی، یان هەر ڕووداوێکی دیکەی چاوەڕواننەکراو، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە یەکەم سەرچاوەی وێنە و ڤیدیۆی خاو (raw footage) و گەواهیدانی شایەتحاڵان. وەک بەشداربووی (P2) ئاماژەی پێکرد: "پێش ئەوەی تبی کامێرای ئێمە بگاتە شوێنی ڕووداوەکە، دەیان ڤیدیۆ لەلایەن هاوڵاتیانەوە لە فەیسبووک و تویتەر بڵاوکراونەتەوە." ئەمەش کەناڵەکان ناچار دەکات بۆ پرکردنەوەی بۆشایی هەواڵ و پێشکەشکردنی یەکەم زانیاری، پشت بەم سەرچاوانە ببەستن. لێرەدا پشتبەستنەکە لە پێویستییەوە سەرچاوە دەگرێت، نەک تەنیا هەڵبژاردنێک بێت.

پاڵنەرێکی دیکەی گرنگ بریتییە لە دەستنەکەوتنی زانیاری لە سەرچاوەی دیکەوە . هەندێک جار، بەهۆی هەستیارێی بابەتێک یان نەبوونی دەسترەسیی ڕۆژنامەوانی بۆ شوێنێک، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە تاکە دەرچە بۆ زانینی ڕووداوەکان. بۆ نموونە، لە کاتی قەدەغەی هاتوچۆ یان لەو ناوچانەی کە مەترسیی ئەمنییان لەسەرە، گرتە ڤیدیۆیەکی مۆبایل کە لەلایەن هاوڵاتییەکەوە گیراوە، دەتوانێت ببێتە تاکە بەڵگەی بینراو لەسەر ڕووداوێک. ئەمە ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی لە "دروستکەری هەواڵ"ەوە گۆڕیوە بۆ "پشتڕاستکەرەوەی زانیاری (verifier) "، کە ئەرکێکی نوێ و پڕ لە ئاڵنگارییە.

لەلایەکی دیکەوە، پاڵنەری ئابووری و پرکردنەوەی کاتی پەخش ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت. بەرهەمهێنانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی تێچووی زۆرە، لە کاتێکدا دروستکردنی بەشێکی بەرنامە لەسەر بنەمای "ئەوەی لە سۆشیال میدیا باس دەکرێت" ئاسانتر و هەرزانترە. ناوەڕۆکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەیەکی بێ کۆتایی و خۆڕاییە لە چیرۆک، مشتومڕ و کەرەستەی گاڵتەجاڕی. ئەمە بەتایبەتی لە بەرنامەی بەیانیان و بەرنامە کۆمەڵایەتییەکاندا بە ڕوونی دەبینرێت، کە تێیدا بەشێکی بەرچاو تەرخان دەکرێت بۆ پیشاندانی ڤیدیۆی ڤایرەڵ یان خوێندنەوەی پۆستە بەناوبانگەکان. ئەمە وەک بەشداربووی (P4) لە چاوپێکەوتنەکەدا ئاماژەی پێکرد، هاوکێشەکەی پێچەوانە کردووەتەوە؛ "پێشتر میدیا ئەجێندای بۆ خەڵک دادەنا، بەڵام ئێستا ئەجێندای خەڵک لە سۆشیال میدیاوە خۆی بەسەر میدیادا دەسەپێنێت".

جۆری ئەو بەرنامە و ژانرانەی کە زۆرترین سوود لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن، جیاوازن . بەرنامە گفتوگۆییە سیاسییەکان زۆرجار توێت و پۆستی سیاسییەکان وەک سەرەتایەک بۆ دەستپێکردنی مشتومڕ بەکاردەهێنن. بەڵام ڕەنگە زۆرترین ڕەنگدانەوە لە بەرنامە کۆمەڵایەتی و هونەرییەکاندا بێت. بابەتەکانی وەک "فەزیحە"ی کەسایەتییەکان، چیرۆکە مرۆییە تراژیدییەکان، یان کێشە کۆمەڵایەتییەکان کە لە سۆشیال میدیاوە دەوروژێنرێن، بەهۆی سروشتی درامی و سۆزداریانەوە، بە ئاسانی دەبنە بابەتی سەرەکیی ئەڵقەیەکی تەلەفزیۆنی. ئەمە ئەو خاڵەیە کە بەشداربووی (P5) جەختی لێکردەوە وتی: "کەناڵەکان زۆرجار بەدوای ئەو بابەتانەدا دەگەڕێن کە ئامادەن و مشتومڕیان لەسەرە، چونکە ئاسانترە کاردانەوەت بۆ مشتومڕێکی دروستکراو هەبێت وەک لەوەی خۆت مشتومڕێک دروست بکەیت".

لە ئەنجامدا، دەردەکەوێت کە پشتبەستنی کەناڵەکان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر چوارچێوەیەکی فراواندایە؛ لە لوتکەی پێویستیی پیشەیی لە کاتی ڕووداوی کتوپڕدا دەست پێدەکات، تا دەگاتە ئاسانکاری و کەمکردنەوەی تێچوو بۆ پرکردنەوەی کات. ئاستی ئەم ڕەنگدانەوەیە نیشاندەری ئەوەیە کە چۆن ئیکۆلۆژیای میدیای کوردی گۆڕاوە؛ تەلەفزیۆن چیتر تاکە گۆڕەپان نییە بۆ دیاریکردنی ئەجێندای گشتی، بەڵکو بووەتە ئاوێنەیەک کە زۆرجار ناچارە ئەو وێنەیە نیشان بداتەوە کە لە فەزای گشتیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست بووە.

دەرئەنجام

شیکارییە داتا کۆکراوەکان لە چاوپێکەوتنەکاندا وێنەیەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندی دۆخی ئێستای تەلەفزیۆنی کوردی لە سەردەمی هەژموونی سۆشیاڵ میدیادا دەخاتەڕوو. دەرئەنجامەکان تەنها پشتڕاستکەرەوەی تڕێندە جیهانییەکان نین، بەڵکو تیشک دەخەنە سەر تایبەتمەندییەکانی کۆنتێکستی میدیای هەرێمی کوردستان، کە بە هەژموونی سیاسی و قەیرانی متمانە دەناسرێتەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لێکدانەوەیەکی قووڵ بۆ تێمە سەرەکییە دەرکەوتووەکان بکات، بە بەستنەوەیان بەو چوارچێوە تیۆرییەی کە لە بەشی پێشوودا خرایەڕوو. لێرەدا، پرسیاری "کەواتە چی؟ (So what?) "وەڵام دەدرێتەوە: واتە، ئەم دەرئەنجامانە چ مانایەکیان هەیە بۆ تێگەیشتنمان لە میدیای تەقلیدی، چ ئاماژەیەکن بۆ داهاتووی تەلەفزیۆن، چ لێکەوتەیەکیان هەیە بۆ کۆمەڵگە بە گشتی؟ گفتوگۆکە لە چوارچێوەی چوار تەوەرەی سەرەکیدا ڕێکخراوە: یەکەم، شیکردنەوەی قەیرانی متمانە وەک بنەمای سەرەکیی گۆڕانکارییەکان؛ دووەم، لێکدانەوەی خۆگونجاندنی تەلەفزیۆن وەک میکانیزمێکی "میدیائاوێزانی ناهاوسەنگ"؛ سێیەم، شیکردنەوەی تێچووی کوالیتی و داکشانی ستانداردە پیشەییەکان؛ چوارەم، تاوتوێکردنی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر وەرگر و فەزای گشتی.

دۆخی میدیای کوردی لە بنەڕەتدا لەژێر کاریگەریی هەژموونێکی سیاسیی قوووڵدایە، کە بووەتە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی متمانەی دریژخایەن. ئەم دۆخە ژینگەیەکی میدیایی تایبەتی دروست کردووە کە تێیدا تەلەفزیۆن لە پێگەیەکی لاوازەوە ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکانی سۆشیاڵ میدیا دەبێتەوە. بە پێچەوانەی ئەو سیستەم میدیاییانەی کە تێیاندا میدیای خزمەتگوزاریی گشتی (Public Service Media) ڕۆڵێکی ناوەندی دەبینێت و وەک ستانداردێک بۆ بڕیارەنی و کوالیتی کار دەکات (Hallin and Mancini, 2004)، دیمەنی میدیایی کوردستان بە مۆدێلی "فرەیی پۆلارایزکراو (Polarized Pluralism) "دەناسرێتەوە، کە تێیدا میدیاکان بە شێوەیەکی سەرەکی ئاوێنەی هێزە سیاسییە کێبڕکێکەرەکانن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دڵسۆزیی سیاسی زاڵ بێت بەسەر پابەندبوونی پیشەییدا، لە ئەنجامدا متمانەی جەماوەر بە میدیای تەقلیدی دادەبەزێت.(Bennett and Iyengar, 2008)

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک پلاتفۆرمێکی بەدیل سەرهەڵدەدەن کە لانیکەم لە ڕواڵەتدا، ئازادتر و دوورتر لە کۆنترۆڵی حیزبی ، خاوەن کەناڵەکان. هەرچەندە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێگەی پرسیارە، چونکە زۆرجار خودی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانیش

دەبنە گۆڕەپانی ململانێی سیاسی(Bradshaw and Howard, 2019) ، بەڵام لای بەشێکی زۆر لە وەرگران وەک سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆتر و "فلتەرنەکراو" سەیر دەکرێن. ئەم دۆخە تەلەفزیۆنەکان دەخاتە ژێر فشارێکی دوولایەنەوە: لە لایەکەوە، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەو بینەرەی کە متمانەی پێیان نییە، ناچارن پشت بەو ناوەڕۆکە ببەستن کە لە سۆشیاڵ میدیادا باوە و "تڕێند"ە. لە لایەکی ترەوە، ئەم پشتبەستنە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی زیاتر داکشانی متمانە، چونکە سنووری نێوان میدیاپیشەیی و ناوەڕۆکی ناپشتڕاستکراوی سۆشیاڵ میدیا لێڵ دەکات.

کەواتە، قەیرانی متمانە تەنها دەرەنجامی هاتنی سۆشیاڵ میدیا نییە، بەڵکو هۆکارێکی بنەڕەتییشە کە وایکردووە تەلەفزیۆن بەم شێوەیە "ناچار" بێت مامەڵە لەگەڵ سۆشیاڵ میدیادا بکات. لەبری ئەوەی لە پێگەیەکی بەهێزی پیشەیی و متمانەوە ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکان ببێتەوە، لە دۆخێکی لاوازیی پێشوەختەوە ناچار بە خۆگونجاندن بووە.

تەلەفزیۆنی کوردی لە پڕۆسەیەکی چڕی دوبارە بە میدیاکردن و میدیا ئاوێزاندایە. وەک بۆڵتەر و گروسین (Bolter and Grusin, 1999) ئاماژەیان پێداوە، میدیا نوێیەکان هەمیشە میدیا کۆنەکان "دوبارە میدیاکردن "دەکەن. بەڵام لەم حاڵەتەدا، پڕۆسەکە زیاتر ئاراستەیەکی پێچەوانەی هەیە: میدیای کۆن (تەلەفزیۆن) بە شێوەیەکی چالاکانە لە هەوڵی "دوبارە میدیا"کردنی میدیای نوێدایە (سۆشیاڵ میدیا). ئەمە تەنها لە ئاستی گواستنەوەی ناوەڕۆکدا نییە، بەڵکو گرتنەبەری زمان، ستایل و فۆرماتی سۆشیاڵ میدیایە.

ئەم پەیوەندییە دەتوانرێت وەک جۆرێک لە "میدیائاوێزانی ناهاوسەنگ " (Asymmetrical Intermediality) وەسف بکرێت. لە پەیوەندییەکی ئاوێزانیی هاوسەنگدا، دوو میدیاکە بە شێوەیەکی یەکسان کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن وبەکتری دەوڵەمەند دەکەن. بەڵام لەم حاڵەتەدا، کاریگەرییەکە زیاتر یەکلایەنەیە. سۆشیاڵ میدیا یاسا و ڕێساکانی یارییەکە دادەنێت، تەلەفزیۆن ناچارە پەیڕەوی بکات. ئەم ناهاوسەنگییە لە چەندین خاڵدا دەردەکەوێت:

- گۆڕانی فۆرمات :وەک لە شیکارییەکاندا دەرکەوت، تەلەفزیۆنەکان ناچاربوون فۆرماتی بەرنامەکانیان بگۆڕن بۆ شێوازی کورت، خێرا، پچڕپچڕ، کە لەگەڵ سروشتی پلاتفۆرمەکانی وەک TikTok و Instagram Reelsda دەگونجێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە سروشتی تەقلیدیی تەلەفزیۆن لەسەر گێڕانەوەی درێژخایەن و قوولبوونەوە دامەزرابوو.
- داکشان لە کوالیتیی بەرهەمهێنان :بەکارهێنانی بەرفراوانی "ناوەڕۆکی بەکارهێنەر-بەرهەمهاتوو (UGC) "، کە زۆرجار لە ڕووی تەکنیکییەوە کوالیتییەکی نزمی هەیە (وێنەی جوڵاو، دەنگی ناڕوون)، بووەتە دیاردەیەکی باو. هەرچەندە ئەمە ڕاستەوخۆیی و خێرایی زیاد دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ستانداردە جوانیناسییەکانی تەلەفزیۆن دادەبەزێنێت.
- شوێنکەوتنی ئەجێندا :وەک باسکرا، ئەجێندای گشتی زیاتر لەلایەن تڕێند و بابەتە قایرەڵەکانی سۆشیاڵ میدیاوە دیاری دەکرێت، نەک لەلایەن ژووری هەواڵی کەناڵەکانەوە.

ئەم دۆخە هاوشێوەی ئەو چەمکەیە کە هێنری جێنکینز (Jenkins, 2006) بە "کەلتووری لێکترێکبوونەوە (Convergence Culture) "ناوی دەبات، بەڵام بە جیاوازییەکی گرنگەوە. جێنکینز زیاتر جەختی لەسەر لایەنە ئەرێنییەکانی لێکترێکبوونەوە دەکردەوە، وەک بەهێزبوونی بەکارهێنەر و دروستبوونی کەلتووری بەشداریکردن. بەڵام دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریدەخەن کە لە کۆنتێکستێکدا کە تێیدا میدیای تەقلیدی لە بنەڕەتدا لاوازە، لێکترێکبوونەوە دەتوانێت ببێتە هۆی هەژموونی میدیای نوێ بەسەر میدیای کۆندا و لە ئەنجامدا لاوازبوونی زیاتری میدیای تەقلیدی.

یەکێک لە گرنگترین و مەترسیدارترین لێکەوتەکانی پشتبەستن بە ناوەڕۆکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، داکشانە لە ستانداردە پیشەیی و ئیتیکییەکانی کاری ڕۆژنامەوانی. تیۆری دەرگاوانیی(Gatekeeping Theory) ، کە لەلایەن کورت لیوینەوە پەرەی پێدراوە، باس لەو پرۆسەیە دەکات کە تێیدا هەواڵ و زانیارییەکان فلتەر دەکرێن پێش ئەوەی بگەنە جەماوەر .(Lewin, 1947) لە میدیای تەقلیدیدا، ڕۆژنامەنووسان، سەرنووسەران، بەڕێوەبەرانی هەواڵ ڕۆڵی دەرگاوانیان دەبینی. ئەوان لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ستانداردی پیشەیی (وەک گرنگیی هەواڵ، وردبینی، هاوسەنگی، کاریگەریی کۆمەڵایەتی (بڕیاریان دەدا کام هەواڵ بڵاوبکرێتەوە وچۆن داڕێژرێت، بەڵام لە ئێکۆلۆژیای سۆشیاڵ میدیادا، ئەم دەرگاوانانە تا ڕادەیەکی زۆر نەماون. هەر کەسێک دەتوانێت "هەواڵ" بڵاوبکاتەوە، ئەلگۆریتمەکان لەبری ستانداردە پیشەییەکان، لەسەر بنەمای وروژاندن (Sensationalism) و توانای کارلێککردن (Engagement potential)بڕیار دەدەن کام ناوەڕۆک زیاتر ببینرێت. ئەمە ژینگەیەکی دروست کردووە کە تێیدا زانیاریی هەڵە (Misinformation) و زانیاریی چەواشەکارانە (Disinformation) بە ئاسانی بڵاودەبنەوە.

کاتێک کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان پشت بە ناوەڕۆکی سۆشیاڵ میدیا دەبەستن، لە ڕاستیدا واز لە ڕۆڵی دەرگاوانیی خۆیان دەهێنن. فشاری خێرایی وایکردووە کە کەناڵەکان کاتی پێویستیان نەبێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە لە سۆشیاڵ میدیاوە وەریدەگرن. ئەم دیاردەیە چەندین لێکەوتەی مەترسیداری هەیە:

- داکشانی باوەڕپێکراوی :(Erosion of Credibility)کاتێک بینەر هەست دەکات کە تەلەفزیۆن هەمان ئەو زانیارییە ناپشتڕاستکراوە بڵاودەکاتەوە کە لە فەیسبووک دەیبینێت، متمانەی بە کەناڵەکە وەک سەرچاوەیەکی جیاواز وباوەڕپێکراو نامێنێت.
- ئاساییکردنەوەی ناوەڕۆکی کەم کوالیتی :بە گواستنەوەی بەردەوامی ناوەڕۆکی و ڕۆژنەر وڕووکەش، تەلەفزیۆن یارمەتیدەر دەبێت لە ئاساییکردنەوەی ئەم جۆرە ناوەڕۆکە ودابەزاندنی ئاستی گشتیی گفتوگۆی گشتی.
- لاوازبوونی ڕۆژنامەوانیی لێکۆڵینەوەیی :کات وسەرچاوەکان لەبری ئەوەی بۆ بەدواداچوونی قوول ولێکۆڵینەوەی ورد تەرخان بکرێن، بۆ مۆنتەرکردن ودووبارە بڵاوکردنەوەی ترێندەکانی سۆشیاڵ میدیا بەکاردەهێنرێن.

لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات کە میدیای کوردی بە شێوەیەکی تایبەت لەبەردەم ئەم مەترسییەدایە. بەهۆی لاوازیی دامەزراوە پیشەیی ویاساییەکان وهەژموونی بەهێزی سیاسییەوە، میکانیزمەکانی لێپرسینەوە و چاودێریی کوالیتی لاوازن. لەم دۆخەدا، پشتبەستن بە سۆشیاڵ میدیا دەتوانێت ببێتە هۆی داکشانێکی خێراتر لە ستانداردە پیشەییەکان وقوولتربوونەوەی قەیرانی متمانە، کە ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕۆڵی دیموکراسیی میدیا لە کۆمەڵگەدا دەبێت.

راسپاردە

لەسەر بنەمای ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە، کۆمەڵێک دەرەنجام بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەخرێتەڕوو:

ا. بۆ دامەزراوە میدیایی وتەلەفزیۆنییەکان:

وەبەرهێنان لە ناوەڕۆکی تایبەتمەند وقوڵ :لەبری کێبڕکێکردن لەسەر خێرایی، کە سۆشیاڵ میدیا تێیدا باڵادەستە، پێویستە تەلەفزیۆنەکان وەبەرهێنان لەو بوارانەدا بکەن کە خاڵی بەهێزیانە، وەک ڕۆژنامەوانیی لێکۆڵینەوەیی، بەرنامەی دۆکیومێنتاریی کوالیتی بەرز، دیبەیتی قوڵی سیاسی وکۆمەڵایەتی. ئەم جۆرە ناوەڕۆکانە دەتوانن بینەری تایبەت ودڵسۆز بۆ کەناڵەکان دروست بکەن.

دامەزراندنی یەکەی تایبەت بە پشتڕاستکردنەوەی زانیاری (Fact-Checking Units):بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی هەواڵی ساختە وپاراستنی باوەڕپێکراوی، پێویستە کەناڵە گەورەکان یەکەی تایبەتیان هەبێت کە بەرپرس بن لە پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە لە سۆشیاڵ میدیا وسەرچاوەکانی ترەوە وەردەگیرێن.

دارشتنی ڕێنمایی ناوخۆیی بۆ بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا :پێویستە هەر دامەزراوەیەک ڕێنماییەکی نووسراو وڕوونی هەبێت بۆ کارمەندەکانی سەبارەت بە چۆنیەتیی بەکارهێنانی ناوەڕۆکی سۆشیاڵ میدیا، بە شێوەیەک کە ستانداردە ئێتیکی وپیشەییەکان بپارێزرێن.

جیاکردنەوەی ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی سۆشیاڵ میدیا :پێویستە کەناڵەکان هانی کارمەندەکانیان بدەن کە لەسەر پلاتفۆرمە کەسییەکانیشیان پابەندی بنەماکانی بێلایەنی و بابەتیبوون بن، بۆ ئەوەی سنووری نێوان کاری پیشەیی و چالاکیی کەسی تێکەڵ نەبێت.

ب. بۆ ناوەندە ئەکادیمی وپیشەییەکان:

- پێداچوونەوە بە پڕۆگرامەکانی خوێندنی ڕاگەیاندن :پێویستە زانکۆ وپەیمانگاکان پڕۆگرامەکانی خوێندنیان نوێ بکەنەوە بە شێوەیەک کە وانەی تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی، ئێتیکی سۆشیاڵ میدیا، تەکنیکەکانی پشتڕاستکردنەوەی زانیاری، ڕۆژنامەوانیی داتا محور لەخۆبگرێت.
- ڕێکخستنی خولی ڕاهێنانی بەردەوام :پێویستە سەندیکا وڕێکخراوە پیشەییەکان بە هاوکاریی ناوەندە ئەکادیمییەکان، خولی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ ڕۆژنامەنووسان ڕێکبخەن بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵنگارییەکانی سەردەمی دیجیتاڵیدا.
- هاندانی کولتووری ڕەخنەی میدیایی :پێویستە ناوەندە ئەکادیمی وڕۆشنبیرییەکان کار بکەن بۆ دروستکردنی کولتووریکی ڕەخنەیی لەناو کۆمەڵگەدا، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە، ڕێکخستنی دیبەیت، نووسینی ڕەخنەیی لەسەر بەرهەمە میدیاییەکان.

ج. بۆ جەماوەر و کۆمەڵگەی مەدەنی:

پەرەپێدانی خوێندەواریی میدیایی :(Media Literacy) پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ودامەزراوە پەروەردەییەکان کار بکەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواریی میدیایی لەناو هاوڵاتیاندا، بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکان بکەن وتوانای جیاکردنەوەی سەرچاوەی باوەڕپێکراو ونا باوەڕپێکراویان هەبێت.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیدا لە ڕێگەی شیکارییەکی قوونڵ کوالیتیەوە، تیشک بخاتە سەر دیاردەی پشتبەستنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی هەرێمی کوردستان بە ناوەڕۆکی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، لێکەوتەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر دیمەنی میدیایی ناوچەکە شرۆڤە بکات. شیکارییە داتا کۆکراوەکان لە چاوپێکەوتن لەگەڵ پسپۆڕانی بوارەکە، وێنەیەکی ئاڵۆز وفرەڕەهەندی خستەڕوو کە دەکرێت لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا پوخت بکرێتەوە:

یەکەم، دەرکەوت کە پشتبەستنی تەلەفزیۆن بە سۆشیاڵ میدیا تەنها دیاردەیەکی تەکنیکی نییە، بەڵکو کاردانەوەیەکی ستراتیژییە بەرامبەر بە گۆڕانێکی قوونڵی ئیکۆلۆژیای میدیا. لە کۆنتێکستێکی وەک هەرێمی کوردستاندا، کە لە بنەڕەتدا بە هەژموونی سیاسی وقەیرانی متمانە دەناسرێتەوە، تەلەفزیۆنەکان لە پێگەیەکی لاوازەوە ناچاربوون خۆیان لەگەڵ ئەم ژینگە نوێیەدا بگونجێنن. ئەم خۆگونجاندنە زیاتر هەوڵێک بووە بۆ مانەوە وپارێزگاریکردن لە بینەر، نەک هەنگاوێکی بۆ داڕێژراو بۆ بەرزکردنەوەی کوالیتی.

دووەم، ئەم خۆگونجاندنە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی میکانیزمێکی "میدیائاوێزانی ناهاوسەنگ"ەوە ڕوویداوە. تەلەفزیۆن نەک تەنها ناوەڕۆکی سۆشیاڵ میدیای وەرگرتووە، بەڵکو فۆرم، ستایل، ڕێتمی کارکردنیشی لاساییی کردووەتەوە. ئەمە بووەتە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە فۆرماتی بەرنامەکاندا، بە ئاراستەی کورتکردنەوەی ماوە، خێرایی لە پێشکەشکردندا، بایەخدان بەو ناوەڕۆکانەی کە پۆتەنسیەلی ڤایرەڵبوونیان هەیە.

سێیەم، ئەم ستراتیژییەی خۆگونجاندن تێچوویەکی گەورەی لەسەر ستانداردە پیشەیی وئیتیکییەکانی ڕۆژنامەوانی هەبووە. دەرەنجامەکان بە ڕوونی دەریانخست کە بنەماکانی وەک وردبینی، هاوسەنگی، پشتڕاستکردنەوەی زانیاری زۆرجار دەکرێنە قوربانیی خێرایی وووروژاندن. لاوازبوونی ڕۆڵی "دەرگاوانیی" لە کەناڵەکاندا بووەتە هۆی ئاسانکاری بۆ بڵاوبوونەوەی زانیاریی هەڵە وناڕاست، کە ئەمەش قەیرانی متمانەی نێوان وەرگر ومیدیای قوونڵتر کردووەتەوە.

چوارەم، دەرەنجامی کۆتایی ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر وەرگر وفەزای گشتی دروست کردووە. بینەری هاوچەرخ ڕووبەڕووی شەپۆلێکی زۆری زانیاریی پچڕپچڕ وڕووکەش بووەتەوە، کە توانای بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی لە ناڕاستی کەم کردووەتەوە. هاوکات، چێژ وچاوەڕوانییەکانی گۆڕاوە وزیاتر بەدوای ناوەڕۆکی خێرا وکاتبەسەربردندایە تا شیکارییە قوونڵ، کە ئەمەش ڕۆڵی پەروەردەیی وڕۆشنبیریی تەلەفزیۆنی لاواز کردووە.

دەرهاویشتە تیۆری وکرداریەکان

ئەنجامەکان چەندین دەرهاویشتەی تیۆری وکرداریی گرنگیان هەیە:

ا. دەرهاویشتە تیۆرییەکان:

i. پشتڕاستکردنەوەی تیۆری ئیکۆلۆژیای میدیا :توێژینەوەکە بە شێوەیەکی کرداری دەیسەلمێنێت کە گۆڕانکاری لە تەکنەلۆژیای گەیاندندا تەنها گۆڕانکارییەکی

ئامرازی نییە، بەڵکو گۆڕانکارییەکی ژینگەییە کە هەموو ئەکتەرەکانی ناو سیستەمەکە ناچار بە خۆگونجاندن دەکات. دۆخی میدیای کوردی نموونەیەکی بەرچاوە کە تێیدا ئیکۆلۆژیای نوێی سۆشیاڵ میدیا توانیویەتی بە خێرایی هەژموونی خۆی بەسەر ئیکۆلۆژیای کۆنی تەلەفزیۆندا بسەپێنێت.

ii. ئاڵنگارییەک بۆ چەمکی "کلتووری لێکنزیکبوونەوە :"لە کاتێکدا تیۆرییەکەی جێنکینز (Jenkins, 2006) زیاتر جەختی لەسەر لایەنە ئەرێنییەکانی لێکنزیکبوونەوە وبەهێزبوونی بەکارهێنەر دەکردەوە، ئەم تویژینەوەیە لایەنە نەرێنییەکانی ئەم دیاردەیە دەخاتەڕوو ، بەتایبەتی لە کۆنتێکستێکدا کە تێیدا میدیای تەقلیدی لە بنەڕەتدا لاواز وسیاسییە. لێرەدا، لێکنزیکبوونەوە لەبری ئەوەی ببێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی دیمەنی میدیایی، بووەتە هۆی داکشانی کوالیتی وزاڵبوونی ستایلی ڕووکەشی سۆشیاڵ میدیا.

iii. گرنگیی کۆنتێکستی سیاسی-ئابووری :تویژینەوەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناتوانرێت لە کاریگەریی تەکنەلۆژیا تێگەین بەبێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسی وئابووریی میدیا. لە هەرێمی کوردستان، هەژموونی سیاسی وایکردووە کە تەلەفزیۆنەکان کەمتر توانای بەرەنگاربوونەوەی فشاری سۆشیاڵ میدیایان هەبێت، چونکە لە بنەڕەتدا پابەندبوونیان بە ستاندارد پیشەییەکان لاواز بووە.

ب. دەرهاویشتە کردارییەکان:

i. بۆ دامەزراوە میدیاییەکان :دەرەنجامەکان وەک زەنگێکی ئاگادارکەرەوەن بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان. مانەوە لە کێبڕکێدا بە تەنها لە ڕێگەی لاسایکردنەوەی سۆشیاڵ میدیاوە بەدەست نایەت و لە دریژخایەندا دەبێتە هۆی لەدەستدانی ناسنامە و باوەڕپێکراوی. پێویستە کەناڵەکان بیر لە ستراتیژی جیاواز بکەنەوە کە تێیدا بایەخ بە ناوەڕۆکی قوواڵ وکوالیتی بەرز بدەن، کە ئەمە دەتوانێت ببێتە خاڵی بەهێزیان لە چاو سۆشیاڵ میدیاوە.

ii. بۆ ڕۆژنامەنووسان :ڕۆژنامەنووسان لەبەردەم ئاڵنگاریی پاراستنی ستاندارد پیشەییەکانیان لە ژینگەیەکی کاردا کە فشار بۆ خێرایی ووروژاندن دەکات. پێویستە ڕۆژنامەنووسان زیاتر بایەخ بە بەهێزکردنی تواناکانیان بدەن لە بواری پشتڕاستکردنەوەی زانیاریی دیجیتاڵی وڕۆژنامەوانیی داتا محوردا.

iii. بۆ داڕێژەرانی سیاسەت :لاوازیی یان نەبوونی ڕێکخستنێکی کاریگەر بۆ میدیای نوێ بۆشاییەکی یاسایی گەورەی دروست کردووە. پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان بیر لە دارشتنی سیاسەتێکی میدیایی هاوچەرخ بکەنەوە کە هەم ئازادیی ڕادەربڕین بپارێزێت وهەم ستاندارد پیشەیی وئیتیکییەکان بەهێز بکات.

پێشنیاز

هەر تویژینەوەیەکی زانستی کۆمەڵێک سنووردارێتی هەیە وئەم تویژینەوەیەش بەدەر نییە. یەکەم، تویژینەوەکە لەسەر بنەمای ڕێبازی کوالیتی دامەزراوە و پشت بە چاوپێکەوتن لەگەڵ نموونەیەکی مەبەستدار دەبەستێت. هەرچەندە ئەمە تێگەیشتنێکی قوواڵ دابین دەکات، بەاڵم دەرەنجامەکان ناتوانرێت بە شێوەیەکی ئاماری بۆ تەواوی کۆمەڵگەی میدیایی کوردستان گشتێنرێن. دووەم، تویژینەوەکە تیشکی خستووەتە سەر تێڕوانینی پسپۆڕانی میدیا، لەوانەیە دیدگای وەرگرانی ئاسایی بە شێوەیەکی جیاواز بێت.

لەسەر بنەمای ئەم تویژینەوەیە، چەند پێشنیازێک بۆ تویژینەوەی داهاتوو دەخرێتەڕوو:

- ئەنجامدانی تویژینەوەی چەندایەتی (Quantitative) لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە بۆ پێوانەکردنی ئاستی متمانەی جەماوەر بە تەلەفزیۆن وسۆشیاڵ میدیا وەک سەرچاوەی هەواڵ.
- ئەنجامدانی تویژینەوەی شیکاریی ناوەڕۆک (Content Analysis) بۆ بەراوردکردنی ڕاستەوخۆی ناوەڕۆکی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لەگەڵ ترێندەکانی سۆشیاڵ میدیا لە ماوەیەکی دیاریکراودا.
- ئەنجامدانی تویژینەوەی بەراوردکاری لەگەڵ دیمەنی میدیایی ووڵاتانی تری ناوچەکە کە بارودۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتیی هاوشێوەیان هەیە.

– ئەنجامدانی تویژینەوە بەدەر لە ناوەڕۆکی میدیای وەکو شێوەی پەخش پڕۆدکاست ڕادەی ئاوێتەبوی جەماوەر لە نێوان هەردوو میدیاکەدا.

– شێوازی مامەڵەکردن کردنی ئیتیک و یاسای لەگەڵ ناوەڕۆکە ئاوێتەبوەکانی نێوان میدیای کۆنباو تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان.

– ڕادەی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیری دەستکرد لە نێوان هەردوو میدیاکەدا.

ئەم تویژینەوەیە دەریدەخات کە تەلەفزیۆنی کوردی لەسەر دووڕیانێکی چارەنووسسازدایە. لە لایەکەوە، فشاری ئیکۆلۆژیای نوێی میدیا پاڵی پێوە دەنێت بەرەو خۆگونجاندن ووەرگرتنی شێوازەکانی سۆشیاڵ میدیا بۆ مانەوە. لە لایەکی ترەوە، ئەم خۆگونجاندنە مەترسیی لەدەستدانی ناسنامەی بنەڕەتیی خۆی وەک دامەزراوەیەکی میدیایی باوەڕپێکراو وخاوەن ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی لێدەکەوێتەوە. داهاتووی تەلەفزیۆن وەک هێزێکی کاریگەر لە فەزای گشتیی کوردیدا، بەندە بە توانای بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگییەک لە نێوان ئەم دوو ئاراستە دژبەیەکەدا: هاوسەنگییەک کە تێیدا سوود لە دەرفەتەکانی جیهانی دیجیتاڵی وەربگرێت، بەبێ ئەوەی ببێتە قوربانیی ستاندارد پیشەیی وئیتیکییە بنەڕەتییەکانی.

سەرچاوەکان

